٢

هەڵبژاردەیەک لە ئایدیا
بڵاوکراوەکانی فەیسبوک

# لە پوچییەوە
# تا بەرەنگاری

وەلید عومەر

# پێشەکی:

ئـەوەی لـەم کۆکراوەیـەدا هاتـووە، هەڵبژاردەیەکـە لـەو ئایدیایانـەی کـە لـە چـوار تـا پێنـج سـاڵی ڕابـردوودا لـە فـەزای مەجـازی بڵاوبوونەتـەوە. ئامانـج لـە کۆکردنەوەیـان ڕوونـە: یەکـەم، پاراسـتنیان لـە فەوتـان و بیرچوونـەوە. دووەم، ئاسـانکاری و بەردەسـتبوونیان بـۆ خوێندنـەوە. سێیەم، چوونـە ژێـر بەرپرسـیاریی زۆرێـك لـەو شـتانەی کـە دەیڵێـین و دەینوسـین(بەتایبەت لـە فـەزای مەجازییـدا کـە پـتر وەك کـەشی بێبـاکی دەردەکەوێـت). ئەکاونت(هەژمـار)ی فەیسـبوك، گەرچـی لەڕواڵەتـدا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرشـیف بگێڕێـت، بـەڵام بـە حوکمـی ئـەوەی سـەر بـە فەزایـەکی قەرەباڵغـترە ئـەوا ڕۆڵەکـەی کاڵدەبێتـەوە. کۆکردنـەوەی هەندێـك لەوبۆچـوون و سـەرنج و ستاتوسـانە لـە کتێبێـکی ئەلیکترۆنییـدا، ئاسـانکارییەکی زیاتـرە بـۆ خوێندنـەوە.

لـە ئاسـتی شەخسییشـدا، فەیسـبوك بـۆ بنـوسی ئـەم بۆچوونانـە، جۆرێـك بـووە لـە مەشـق و تەمرینـی نوسـین(گەرچی پێشـتر دارشتن-انشـاء-ی قوتابخانـە ڕۆڵـی بـۆ هـەر کەسـێك هەبـووە کـە عەشـقێکی بـۆ نوسـین هەبووبێـت). لـەم ماوەیـەدا کـە ئـەم فلاشـە کـورت و کەمتـازۆر درێژانـە نـوسراون، کۆمەڵێـك هەڵبەزودابـەز هەبـووە؛ جـا چ لـەڕووی فۆرمـەوە بووبێـت یـان نـاوەڕۆك. چ زمـان و دارشـتن و توانـای تەعبـیر بێـت، چ پاڵنـەری فیکـری و سیاسـییانە بووبێـت. لـە سـەرەتاکانەوە بیرێـکی کەمتـازۆر ڕەشـبینانە و نیهیلیسـتی هەیـە، پاشـان وەردەگەڕێـت بـۆ جۆرێـك لـە خوێ،دنـەوەی سیسـتەم و بەرەنـگاری. بـەڵام لەڕاسـتیدا ئـەم وەرگەڕانـە، گەرچـی پلەپلـە بـووە، بـەڵام پەیوەندییـەکی دیالەکیتکییـان بەیەکـەوە هەیـە: بەرەنـگاری دەتوانێـت چـارەی ئـەو ڕیشـە نیهیلیسـتییانە بێـت کـە هەسـتماندەکرد بێ‌چـارەن. وەرچەرخـان لـە بیرکردنـەوەدا لـە قۆناغـەکانی گەنجییـدا، ئەگـەر وەرچەرخانێـکی تەدریجـی و پەیوەسـت بێـت،

دەتوانێت ڕۆڵی ئیجابیی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستاش. بە مانایەکی تر، لەو زەمەنەدا کە ئەم شتانەی تیا نوسراوە، پرۆسەی بەسوبێکتبوون ئەزموندەکەین. سوبێکت بەیەك جار نابێتە سوبێکت، بەڵکو بە گۆڕان و صەیرورەیەکی مێژوویید دەبێتە سوبێکت و کۆتایی ئەم پرۆسەیەش داناخرێت. سادەتر: بە گەڕانەوە بۆ دواوە، تێدەگەین بەشێك بووین لە سیناریۆی بەسوبێکتبوون، بەشێك بووین لە پرۆسەیەك کە ملکەچی هەلومەرج بووە و بەڕەهایی ئیرادەی ئێمە ئیشی تیا نەکردووە. لە سەرەتدا گەر جۆرێك لە جەبر لە ئایدیا و پۆستەکاندا ببینرێت، ئەوا دواتر وەردەگەڕێت بۆ خوێندنەوەی سیستەم و تەرحکردنی بەرەنگاری. بۆیە بەشێوەیەکی» ڕوولەپاش» و ڕیترۆئەکتیڤ، تێدەگەین هیچکام لە ئایدیاکان زیادە نەبووە و دەتوانێت بەشێك بێت بۆ تێگەیشتن لە زەروورەتی بەرەنگاری.

فیکر دەبێت لەسەر هەمووشت قسەبکات. بەپێچەوانەی ئەو کلێشە کوردییەوە کە دەڵێت: نابێت لەسەر هەمووشت قسەبکەین. ئەم (هەموو شتە...) بەو مانایە نایەت باسی فیزیا و بیرکاری بکرێت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە هەموو دیاردەکان و شتەکان قابیلی تێڕامانن و فیکر دەتوانێت لێیان وردبێتەوە. ئەم وردبونەوەیە، بە کەرەستەی تایبەتیی فیکر خۆی ئەنجامدەدرێت. فیکریش لێرەدا ناوێکی گشتییە بۆ فەلسەفە و دەروونشیکاری و تەنانەت نیشانەناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی. ڕەنگە لە ئایدیایەکی کورتدا، پشکی هەریەکە لەوانەی تێکەوێت؛ بەبێ ئەوەی ناویان بهێنرێت و بواری باسکردنیان هەبێت. پاشان قەبارەی ستاتوسەکانی فەیسبوك، زیاتر بواری وروژاندنی باسێك دەدات، یان مەجالدەدات دەرەنجامی کێشەیەك بخەیتەڕوو. زۆرجاریش تەنیا تەرحێکی سەرەتایی و کرچوکاڵ بێت و لە کاتێکی تردا ئیشی لەسەر بکرێتەوە. ئەم ئایدیایا کۆکراوانە، جار هەیە لە زمانێکی ئەدەبی نزیکدەبنەوە و جاریش هەیە کۆنکرێتی و شیکاری. لەکۆی هەمووشیاندا هەوڵدراوە جۆرێك لە زمانی نوێ و داڕشتنی نوێ بهێنرێتە ئاراوە. لەوەدا چەند سەرکەوتوو بووە، درەنگتر دەردەکەوێت. هاوکات بەبێ ئەخلاقیکردنەوە و خاکیکردنەوەش، دەبێت بڵێین مەشقی نوسین، خاڵی نیە لە هەڵەی تیۆری و پارادۆکس و ناکۆکیی فیکری. بەشی هەرەزۆری پۆستەکانیش کە کورت بوون و پارچەپارچە بوون، لە ناواخندا تەعبیرن لە پارچەبوونی دونیا خۆی. بەڵام ئەم پارچانە قابیلیەتی کۆکردنەوەیان هەیە و دەکرێت

حەکایەتێکی گشتی بۆ ڕزگاری داتاشین و پارچە ناچونیەکەکان کۆبکەینەوە. سیستەم خۆی لە ڕوکنی جیاجیاوە سیمای خۆی دەردەخات و جاریش هەیە سیمای خۆی دەشارێتەوە. بەم پێیە، پێویستدەکات هەرجارە لە ڕوکنێکەوە هەوڵی بینین و خوێندنەوەی سیستەم بدەین.

پێش ئەوەی واڵی فەیسبوک وەك «ئیمکان»ێك دەرکەوێت، بێزارییەك لەلایەن نوخبەوە دەبینرا سەبارەت بە زۆر نوسین و زۆربوونی نوسین. بۆنمونە دەوترا: شارخەریکە هەمووی دەنوسێت، هەمووی بووە بە نوسەر. ڕیشەی ئەم قەناعەتە بۆ کۆمۆنیستێك زۆر نادیار نیە. چونکە نوسین پتر بۆ نوخبە بووە، بۆ نوخبەیەك بووە بەرەکەی بچنێتەوە ببێتە خاوەنی سەروەتێکی ڕەمزی. بەڵام لەڕاستیدا گرنگە بەرگری لە نوسین بکەین وەك پرسێکی گەنجانە و جەماوەری. زیندووکردنەوەی عەشقی نوسین بۆ زۆرینە، سڕینەوەی ئەو تەماعە شەخسییانەی نوسەرە کە کینەی دەرهەق بەوانیتر هەیە بنوسێت. نوسین شتێك نیە بکرێتە موڵکایەتیی تایبەت و ئەوانیتری لێ مەحرووم بکرێت. بەڵام ئەم نوسینەی ئێمە مەبەستمانە، نوسینێکە کە لە خزمەتی بەرەنگارییدا بێت. لەوپەڕی قووڵیی خۆیشیدا، ئەکتێکی بەرەنگارانە بێت. بەرەنگار هەر ئەوە نیە ڕاستەوخۆ ئیدیعای لێدانی سیستەم و دەسەڵات و نەریتە کۆنەکان بکەیت، بەڵکو مەبەستەکە پتر ستراتیژی نوسینە. بۆ دەنوسین؟ لە کوێدت و دەرەنجام دەمانەوێت چی بگات؟ ئەمەش لە پێناسەی نوسەربوونەوە دەستپێدەکات و دەبێت ئەو پێناسە نیهیلیستییە بۆ نوسەر تێکبشکێنین کە پێی وایە نوسین دوافیشەکە دەینێیت بە خۆتەوە و هیچ ارەیەکی ترن نیە. دەبێت شتێکی لەم جۆرە بڵێین: نوسین فیشەکێکە دەنرێت بەو فیگەرانەوە کە ئیمکانی ژیان بچوك و بەرتەسکدەنەوە. کە تادێت فۆرمی تازەی چەوساندنەوە دادەهێنن. هەر نیسبەت بەم خاڵەوە گرنگە ئاماژە بۆ شتێکی تر بدەین: دەنگێك هەبوو، ئێستاش بەجۆرێك هەیە، کە فەیسبوك شوێنێکی جدی نیە. لەڕاستیدا بۆ کەسێك کە پەیامێکی هەبێت و بیەوێت بە هەر نرخێك بێت بگات، ئەوا فەیسبوك یەکێکە لە ئیمکانەکان و بگرە لە ئیمکانێکیش زیاترە. چیتر ئەو واقیعە بێگەردە بوونی نیە کە ڕۆژانێك واسەیردەکرا هەیە. دەتوانین فەیسبوك بکەینە یەکێك لە ئیمکانەکانی ناو واقیع بۆ ئەوەی بواری ئیشی بەرەنگارانە بڕەخسێنین.

سەرەنجام ماوەتەوە بڵێین کە هەموو ئایدیایەك کە لە فەیسبوك بڵاودەکرێتەوە،

کۆمێنــت و ڕای ئەوانیتریــشی لەگەڵدایــە. ئــەم کۆمێنــت و ڕایانــە، بــە مانایــەك لــە مانــاکان، دەبنــە بەشــێك لــە دەقەکــە و ئایدیاکــە. بەشــداردەبن لــە بۆشــایی و زیادەیــی و ئیمکانــەکانی نــاو ئایدیاکــە. بــەڵام لــە ئیشــێکی لــەم جــۆرەدا، کۆمێنتــەکان لــە ئایدیاکــە جیادەبێتــەوە و لــە ڕێگەیــەکی تــرەوە بــەر خوێنــەر و کۆمێنتــی تــر دەکەوێــت کــە ئــەم جارەیــان بــواری نوســینەوەی نابێــت. جێــی بیرخســتنەوەیە کــە دەســکاریی ڕێنــوس و ڕێزمــانی بابەتەکانمــان نەکــردووە تاکــو دۆخ و بــەرواری نوســینەوەیان بنوێنێتــەوە. لــە ٢٠١٢یشــەوە بــۆ ٢٠١٧ بابەتــەکان ڕیــز کــراون، دیســان لەبــەر ئــەوەی بــەرزی و نزمیــی بیرۆکــەکان دەرکەوێــت. ســەرەتا چەنــد فۆتۆیەکــمان خســتە کۆکراوەکــەوە کــە بــۆ ڕوونبوونــەوەی هەندێــك پۆســت پێویســت بــوو، بــەڵام لەبــەر قورســیی کتێبەکــە و قبوڵنەکــردنی لەلایــەن ســێرڤەری ســایتەکەوە لامانــبرد و هیواداریــن نوقســانی و ناڕۆشــنی درووســتنەکات. هەروەهــا ئەمــە بەرگــی یەکەمــە لــەم پــرۆژە مەجازییــەی گرووپــی نێگەتیــڤ. بەرگــی دووەمیــش، کۆکردنــەوەی ئایدیــا و ســەرنجەکانی هــاوڕێ «زەردەشــت نورەدیــن» لەخۆدەگرێــت.

# 2013

# «عید میلاد»، فێڵی نەمری:

ئێمـە بەتـەواوی خاوەنـی تەمەنـی خۆمـان نیـن. بەشـێکی تەمەنمـان بەنـاو ئەوانـی تـردا دەڕوات. هێنانـی ئەوانـی تـر بـۆ جەژنـی لەدایکبوونمـان، لانیکـەم پاڵنەرێکـی پێچەوانـەی لەپشـتەوەیە. دەبێـت نیگایەکـی چـەوت بگرینـە ئـەو هـۆکارەی کـە تـا ئێسـتا دەدرێتـە پـاڵ جەژنـی لەدایکبـوون: وەرن لـە کات بمبەنـە دەر، بمخەنـە دەرەوەی زەمەنـەوە، ئـەم تەمەنـە هـی مـن نیـە.
جەژنـی لەدایکبـوون، لـە قووڵاییـدا مەراسـیمێکی دینییـە و ئەوانـی تـر بانگهێشـت دەکەیـت تاکـو بتکەنـە سـەنتەر، بـۆ ئـەوەی ونـت بکـەن و بتخەنـە ئەودیـوی زەمەنـەوە، بـۆ ئـەوەی پێـت بڵێـن تـۆ نەمریـت، تەمەنـت هەڵـواسراوە.
ئـەو نەخۆشـە بیننـەوە بیـری خۆتـان کـە دکتـۆر پێـی دەڵێـت ٣ ڕۆژی تـر دەمریـت. ئـەو ٣ ڕۆژە نـە ژیانـە و نـە مردنیـش. جۆرێکـە لـە هەڵواسرانـی کات. پەڵەیەکـی تەمومژاوییـە و مـرۆڤ دەبێتـە بوونەوەرێکـی نەمـر...
لە جەژنی لەدایکبووندا نەخۆشێکی نەمرین..

## منالەکەی کاوە(گەرمیانی):

کۆمەڵگای ئێمە وا خەریکە بەناوی ئازادییەوە، منالێکی تر زوو گەورە دەکات و دەیمرێنێت. خەریکە هەر لە ئێستاوە نەوەی دواتر دەدرێتە کوشت. وەك بڵێی تا ئەو زەمەنەش دۆخی ئێمە هەر دۆخی کاوەیە. وەك بڵێی تۆڵەی باوك هەر بە مردن دەکرێتەوە..

ئەم مەرگدۆستییە شاراوەیە بەردەوامە. ئەمڕۆ بە یەك کۆرس وترا: ئامەد پارچەیەکی جێماوی کاوەیە و تا زووە دەبێت بخرێتە هەمان قەبرەوە. مێژوو پڕە لەو منالانەی کە چاو دەکەنەوە و باوکێك لەئارادا نەماوە، ئیدی لە فەیلەسوفەکانەوە بیگرە تا دەگاتە منالێکی تەمومژاویی وەك ئامەد. ئیشی ئامەد ئەوە نیە کە کۆمەڵگا بۆی دیاری دەکات، ئەوە مافی کەس نیە. کۆمەڵگا لە ژێرەوە دەیەوێت ترس و چاوەڕوانییەکانی خۆی بە منالێکا هەڵواسێت و درێژی بکاتەوە.

کاوە و منالەکەی تەنیا باوك و کوڕ نین. لەنێوان کاوە و منالەکەیدا، ئەڵقەیەکی ونبوو هەیە و دەیانگەیەنێتە یەکتر: بۆشاییەکی ئەبەدی.

# خۆت لە کۆلێژی شەریعەیت:

ئێـوەی -عەلمانـی- ڕەخنـە لـەوە دەگـرن کـە نابێـت قوتابیانـی شـەریعە سـفور و ڕەشـبەڵەکیان هەبێـت. ڕەخنـە لـەوە دەگـرن کـە نابێـت گەنجێکـی ئیسـلامی بخواتـەوە.
تەنیـا (میتـۆدی دیالەکتیـك) دەتوانێـت گەمژەیـی پشـتەوەی ئـەم حوکمانـە ئاشـکرا بـکات. ئێـوە دەبێـت جێگەکەتـان بگۆڕنـەوە: تـۆ ناتەوێـت خوێنـدکاری شـەریعە هەڵپەڕێـت، تـۆ ناتەوێـت گەنجێکـی ئیسـلامی بخواتـەوە، ئـەوە تۆیـت کـە دەتەوێـت ئیسـلامی ئیسـلامی بێـت، شـەریعە داخـراو بێـت. بـە دەربڕینێکـی تـر: ئیمانـی شـاراوەی تـۆ ڕێگـە نـادات ئـەوان لـە شوناسـی خۆیـان بترازێـن، ئـەوان ئیمانەکـەی نـاوەوەی تـۆ هەڵدەماڵـن.
تۆ لەوان، لەوانتر-یت..

## مەکری ئاوێنە:



ئاوێنـە هەمیشـە زیادەیـەك دەخاتـە سـەر وێنەکـەت، پەڵەیـەك بـۆ وێنەکـەت زیـاد دەکات. ئاوێنـە چیـتر مەجازێـك نیـە بـۆ کۆپـی و پیشـاندانەوەی کـت و مـت: ئاوێنـە دەمێکـە وەك وشـەیەکی ئایدۆلۆژیـی لێهاتـووە. وەك گوێـزەرەوە، وەك پەیامبەرێکـی شـەفاف، پیشـاندەرەوەی واقیـع و حەقیقـەت: ئاوێنـەی ڕاسـتییەکان! دڵ ئاوێنـەی دڵـە! ئـەم پێناسـەیە چیـتر دەقیـق نیـە: ئاوێنـەکان سـەرچاوەی پشـێوی و کەرتبوونـن. گـەر پەڵەیەکیشـت بـۆ زیـاد نەکـەن، پارچەیەکـت لـێ دەکەنـەوە. بـە کورتییەکـەی، مـرۆڤ لـە ئاوێنـەدا هەمیشـە بـۆ شـتێکی زیاتـر دەگەڕێـت.
هیـگڵ دەڵێـت: سـەرچاوەی ڕاسـتەقینەی شـەڕ و خراپـە لەنـاو ئـەو نیـگا بێلایەنەدایـە کـە خراپـە لـە هەمـوو جێگایەکـدا دەبینێـت. ژیژەکـیش ئـەم ڕسـتەیە بـۆ چـاوی میدیاکانـی ئەمـڕۆ

بـەکار دەهێنێـت: ئـەوە نیـگای خراپـی میدیاکانـە کـە خراپـە لـە هەمـوو جێگایەکـدا دەبینـن: هیـچ میدیایـەك ئاوێنـە نیـە و هیـچ ئاوێنەیەکیـش ناتوانێـت وێنەکـەت بـە تـەواوی بشـێوێنێت. بـۆ ئـەم واقیعـەی ئێسـتا، هیـچ ئیختیارێـك جێـی دڵنیایـی نیـە. بۆیـە دەکرێـت، دانیشـیت و هیـچ نەکەیــت. یاخــود، بــڕوا بــە ئاوێنەکــە نەکەیــت و لــە درزی ئاوێنەکانــەوە ڕووی راســتەقینەی واقیعەکـە ببینیـت.

# گەمە غەمگینەکان

یەکـــەم: هەمووومـــان کاوەیـــن: ئەمـــە کلێشـــەیەکی کاتییـــە، جۆرێکـــە لـــە پاککردنـــەوەی ئـــازاری ویـــژدان. گەرنـــا، هێشـــتا ناتوانیـــن هەمووومـــان ببینـــە کاوە. نـــەك لەبـــەر ئـــەوەی کاوە تاکـــە ئایدیاڵـــە، بەڵکـــو لەبـــەر ئـــەوەی پێـــش کاوە و پـــاش کاوەش دەبینـــەوە بـــە خۆمـــان. هەرکـــە ئـــازاری ویژدانەکـــە نەمـــا، دەچینـــەوە نـــاو کەوڵـــی خۆمـــان. گـــوزارەی هەمووومـــان کاوەیـــن، لـــە بنەڕەتـــدا نوسـخەی لادراوی ئـەم گوزارەیـەی تـرە: بۆچـی ناتوانیـن هەمووومـان کاوە بیـن؟! یـان ئـەم نوسـخە تەوتەمییـــەی تـــر: ناڕاســـتەوخۆ خۆمـــان کاوەمـــان دا بـــە کوشـــت و پاشـــان وەکـــو تەوتەمێـــك دەیپەرســـتین.

دووەم: . بـــەدەر لـــە تۆنـــە نائومێدەکـــە، ڕێپێـــوان وەڵامێکـــی زۆر شـــیاو نیـــە بـــەم کارەســـاتانە. ڕێپێوانەکانیـــش دیســـان جۆرێکـــن لـــە پاککردنـــەوەی عەزابـــی ویـــژدان؛ ئەویـــش زیاتـــر هـــی دەســـەڵات نـــەك خۆمـــان. پـــاش ڕێپیوانەکانمـــان ویژدانـــی دەســـەڵات دەچێتـــەوە جێـــی خـــۆی.(ویژدانـــی دەســـەڵات، جـــۆرە ویژدانێکـــی سیســـتەماتیکی و ڕەمزییـــە(.

سـێیەم: . سـۆران لـە کەرکـوك، سەردەشـت لـە هەولێـر، کاوە لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـلێمانیدا تیـرۆر دەکرێـت: سێگۆشـەی کامـڵ، سـێکوچکەی ئازادبـوون. ئـەوەی لـە دهـۆك دەچەپێنرێـت، لـەم سـێ پارێزگایـەی تـردا ئـازاد دەبێـت و سـەردەردەهێنێتەوە.

# ژن چیی دەوێت؟

ئەمـە ئـەو پرسـیارەیە گوایـا سـاڵانێکی درێـژ فرۆیـدی حەپەسـاندووە. دەشـێت حەپەسـانەکە لەوێـوە بێـت کـە ژن هیچـی ناوێـت، یـان خۆیشـی نازانێـت چیـی دەوێـت. تـۆ بڵێـی ژن چیـی دەوێـت؟

ژن پیـاوی وەك وەسـیلە دەوێـت، دونیـای وەك وەسـیلە دەوێـت، بـەڵام لەپێنـاوی چ ئامانجێکـدا؟ ڕەنگـە هیـچ! ژن شـتەکانی ناوێـت، بەڵکـو تاقییـان دەکاتـەوە. ژن داوایەکـی مەلموسـی نیـە بەڵکـو خـۆی داوایـە. ژن بـۆ ئۆبێکتێکـی بەرجەسـتە ناگەڕێـت: خـودای ناوێـت، پیـاوی ناوێـت، پـارەی ڕووتـی ناوێـت، مەعریفـەی ناوێـت، بگـرە تەنانـەت -هیـچ-ی ناوێـت: ژن وەکـو نیهیلّسـتێکی بەختـەوەر!

ژن چیی دەوێت؟: هەرگیز وەڵامەکە لای خۆی نیە، ڕەنگە لای ئەوی تر بێت..

## بومەلەرزە..



ڕەنگە پێویست بەوە نەکات کە مرۆڤ گەشە بکات و گەورە ببێت: لە جێیەکدا بوەستە، خۆت گەشەی جەستەیی ناکەیت، جلەکانت نا، بەڵام یادەوەرییەکانت گەشە دەکەن، دەتوانیت بومەلەرزە بوەستێنیت. لە جێیەکدا بوەستە.

ئەم فۆتۆیە بەپێچەوانەی بومەلەرزەوە ئیش دەکات. ناتلەرزێنێت، دەتوەستێنێت. وشکت

دەکات. بومەلــەرزە تەنیـا مەترســی نیــە، بەڵکــو جۆرێکــە لــە تازەکردنــەوە. درزێـك لــە مەلەلــی ژیانـی ڕۆژانـەدا درووسـت دەکات. چێژێکـی ژویسـانس-ئامێز دەگەڕێنێتـەوە بـۆ خەڵـك. لەزەتێکـی ترسـناك بـڵاو دەکاتـەوە. کاتێـك لـە گەرمـەی ئـەم مەترسـییەدا دەوترێـت، بومەلـەرزە ڕوونـادات؛ جۆرێـك لـە مەلـەل و سسـتی دەگەڕێتـەوە. وەك بڵێـی هەمـووان هاتوونەتـە دەرەوە بـۆ ئـەوەی بومەلــەرزە ڕووبــدات، نــەك بوومەلــەرزە روودەدات تاکــو بێنــە دەرەوە: ژیانــی ڕۆژانــە دەقــی گرتــووە، دەبێــت ئـەم دەقـە هەڵوەشـێتەوە.

نیــکلاس رویــل، هەڵوەشــانەوەگەراییەکەی دێرێــدا دەچوێنێــت بــە بومەلــەرزە: بومەلــەرزە دەتوانێـت لـە بچوکتریـن درزدا و بـە سـوکترین لـەرزە خـۆی ئاشـکرا بـکات. هەڵوەشـانەوەگەراییش پێویســتی بــە دیقەتێکــی بومەلەرزەئاســا هەیــە لــە بەرامبــەر بچوکتریــن وردەکارییەکانــدا- دەبێـت جەسـتەی هەمـوو دەقێـك بلەرزێنیـت، دەقـی شـار و زەوی و نوسـین و ...

لـەم فۆتۆیـەدا پیـاوە بچکۆلەکـە هەسـتی بچوکیـت ناداتـێ، بگـرە پێـت وایـە لـەوە گەورەتـرە کـە دەبـوو ببێـت، ژنەکـەش هـەروا، شـتێکیان لـە گـەورەکان زیاتـرە، خاوەنـی شـتێکی نادیـارن کـە گەشـەکردووە (ئاسـاییەکان) نیانـە: زەوی ناتوانێـت ملەرزێنێـت، مـن گەشـە ناکـەم، گەرچـی وەسـتاوم بـەڵام هەمیشـە فیگـەرەکان هەڵدەوەشـێنمەوە.

دەمێکە پێڵاوە چکۆلەکانم نالەرزن...

# «حیمایە»کەی تاڵەبانی:

لاکان تێزێکـی هەیـە و دەڵێـت: مـن ئـەوی تـرە، یـان مـن ئـەوی تـرم. گەرچـی ئـەو تێـزەی لاکان پایەیەکـی ئاڵـۆزی دەروونشـیکاریی ڕاگرتـووە، کەچـی بـۆ پەیوەندیـی حیمایـە و سـەرۆکەکانیش هـەر درووسـتە: مـن خاوەنـی خـۆم نیـم. ئەویـش خاوەنـی خـۆی نیـە. هەردووکـمان وابەسـتەی یەکتریـن. مـن تـۆ دەپارێـزم و تـۆش مـن بپارێـزە. حیمایـە کەسـێك دەپارێزێـت کـە پێشـتر لـە لایـەن خـودی ئـەو کەسـەوە پارێـزراوە: ئـەوی تـر منـە، مـن ئـەوی ترم-ئەمەیـە حەکایەتـی حیمایـەکان.

کاتێـك حیمایەیـەك دەکوژرێـت، بەشـێك لـە سـەرۆکیش کـوژراوە. ئـەو بەشـەی کـە نازانیـن چەنـدە و چۆنـە. حیمایەکـەی تاڵەبانییـش، حەکایەتێکـی لـەم جۆرەیـە. ئێمـە سـەیری تەرمێـك دەکەیـن کـە پێـش ئێمـە سـەرۆکی دیـوە. نهێنـی و حەرەمـی سـەرۆکی دیـوە. پێـش ئێمـە هەواڵـی سـەرۆکی زانیـوە. ڕۆلان بـارت لـە سـەرەتای کتێبـی -ژووری ڕووناك-ـدا دەڵێـت: ماوەیـەك لەمەوبـەر سـەیری وێنەیەکـی جیرۆمـم کـرد. جیرۆمـی بـرا بچکۆلەکـەی ناپلیـۆن. واتـە سـەیری دوو چـاو دەکـەم کـە ئیمپراتۆر-ناپلیۆن-یـان دیـوە. حەپەسـاوم... ناتوانـم حەپەسـانەکەم کـەم بکەمـەوە..

حیمایـەکان لـە زاکیـرەی خارجـی دەچـن. لـە لەگـەڵ تەرمـی حیمایەکانـدا، بەشـێك لـە تـەرم و تارمایـی سـەرۆکیش دەخرێتـە قەبـرەوە: نهێنـی دووجـار دەمرێـت، تەنیـا دوو جـار و بـەس..

# ڕۆژێکی مێژوویی!

لە ریتۆریکی سیاسییە کوردەکاندا رۆژە (گرنگ)ـەکان بە رۆژی مێژوویی وەسف دەکرێن. وەك بڵێی کونێك دەکەوێتە دڵی مێژووەوە و ئینجا بەئاگا دێتەوە کە مێژووە. ئەمە دەلالەتە لەوەی کورد لە خەیاڵی سیاسییەکاندا لە دەرەوەی مێژووەوە دەژی. یان لانیکەم لە سەر سنوری مێژوودا دەژی. لە خیتابەکانی ئەواندا بۆ ئەوەی بچیتە ناو مێژووەوە، ئەوا دەبێت لەشی مێژوو دەرزیئاژن بکەیت. کون کونی بکەیت..پڕی بکەیت لە رۆژی مێژوویی..
کورد دەبێت تاتۆ لەسەر جەستەی مێژوو بکێشێت..

جـادە و ڕێگاوبانـی ئێمـە نەبۆتـە ڕێگاوبـان. قوربانییـەكان بـۆ دوور دەڕۆن، كەچـی لـە نیـوەدا دەوەسـتن و دەمـرن. چـاو دەبڕنـە دوورتـر. وەك بڵێـی تەنیـا مەقصـەد و شـوێنی گەیشـتن گرنگـە. وەك بڵێـی غایـەت و خاڵـی كۆتایـی لـە ڕێـگا گرنگـترە. ئەمـەش بـە پێچێكـدا دەچێتـەوە سـەر میتافیزیـك. میتافیزیـك غایەتگـەرا و كۆتاییپەرسـتە. بـەرەو دواخـاڵ مـل دەنێـت. بەبـێ سـەرچاوە و ئامانـج نـاژی.

هـاوكات كتێـب لای ئێمـە نەبۆتـە كتێـب. تەنانـەت نەبۆتـە كاڵاش. كتێـب لـە كتێـب كەمـتر سـەیر دەكرێـت. لانیكـەم لـە یاسـای بـازاڕ و گرانـی و هەرزانـی خراوەتـە دەرێ. دەبێـت نرخەكـەی هەمیشـە هـەرزان بێـت.

وەسوەسەیەكم تیایە بڵێم: ڕێگاكانی ئێمە هەرگیز بەناو كتێبدا تێنەپەڕیون..

# هێی لادێی!

گـەر لـە هـەر بازاڕێکـی کوردیـدا بڵێـی (هێـی لادێـی)، ئـەوەی ببیسـێت ئـاوڕ دەداتـەوە. هۆیەکـەی سـادەیە. هەمـووان لـەو پارادۆکسـەدا دەژیـن کـە گوایـا لادێیـن یـان شـاری؟ دیـارە ئەمـە دوالیزمێکـی سـاختەیە لـە زمانـی ئێمـەدا. دوور مـەڕۆ. گـەر دەتەوێـت تێبگەیـت شـاریت یـان لادێـی، ئـەوا دەتوانیـت هەردووکیـان بیـت و هیچیشـیان نەبیـت: هەمـووان دەتوانـن بچنـە سـۆپەرمارکێتەکان و چاقـی لانـد و مەعرەچـەکان...

شـار، زەوییەکـی پارادۆکسـە. هـەم دەتوانیـت ون بیـت و ئازادییـەك لـەم ونبوونـەوە بەدەسـت بێنیـت، هـەم ناتوانیـت ئـازاد بیـت و بڕێـك چەپانـدن و یاسـا و دیسـپلینی تـر دەکەوێتـە سـەرت: جـۆری ڕۆیشـتن، قسـەکردن، مامەڵـە لەگـەڵ شـوێنە گشـتییەکاندا...هتد.

دەشـێت لـە یـادی سـلێمانیدا، ئـەوی تریـش قسـەی هەبێـت. لـە سـلێمانیی ئێسـتادا جـۆرە هەسـتێکی نۆسـتالیژی هەیـە. وەك بڵێـی بەهەشـتێك هەبـووە و لەدەسـتچووە. بەجۆرێـك وێنـا دەکرێـت کـە ڕابردوویـەك هەبـووە و نەگەیشـتۆتە ئێسـتا.

٧٧ مانگـە نیشـتەجێی سـلێمانیم. سـووچێکی سـەربەخۆی تیـا بـووە بـۆ مـن. هێنـدە بەسـە کـە شـارێکت لەبـەر ئـەو گۆشـە هێمنـە خـۆش بوێـت. هاوکاتیـش، بـەر ئۆبێکتـی خـۆم کەوتـم. هەندێـك لـەو وێنانـە ئـاوا بـوون کـە پێشـتر وەك سـەردانکەرێك هەمبـوو. ڕۆژانـە عـادەت بەشـێك لـە زاکیـرەت دەخـوات. تـا سـوچێکی سروشـتی وەك گۆیـژە و ئەزمـەڕ نەبینـی، بیـرت ناکەوێتـەوە لـە سـلێمانیت. بـۆ ئـەوەی لـەم توانەوەیـە ڕزگار بیـت، وەهمێـك لـە شـارەکەی پێشـووت دادەتاشـیت. پێـت وایـە لەوێـوە کۆمەڵێـك چـاو هەیـە و چاوەڕوانیـی گەڕانـەوەی تـۆن. ڕەنگـە ئـەم وەهمـە بـە سـتراکتۆری هەمـوو شـارێکەوە نوسـابێت.

یادکردنـەوەی شـار لـە یادکردنـەوەی ڕووداو جیاوازتـرە، ڕووداو جارێـك ڕوویـداوە و شـاریش بـەردەوام ڕوودەدات..

# خانوو مەدەن بە «زگورد»

ئەمـە ڕسـتەیەکی داخوازییە-امـری-. ژێرخانێکـی فەلسـەفیی هەیـە بەنیسـبەت کەلتـوری ئێمـەوە. ڕێگرتنـە لـە بێگانەیـەك کـە پێـی دەوترێت«زگـورد». ئـەم بێگانەیـە لـە شـوێنێکی تـرەوە دێـت، لـە جوگرافیایەکـی تـرەوە نـا، بەڵکـو لـە سـنورێکی ڕەمزییـەوە، لـە دەرەوەی شـەرعیەتی کەلتورییـەوە: تـۆ تەنیایـت، شـیاوی خانـووی کـرێ نیـت.
«زگـورد» لـە فەنتازیـای گەڕەکـدا جێـی نابێتـەوە. «زگـورد» زیادەیـە. ئـەو توخمەیـە کـە ئاسایشـی گـەڕەك دەپارێزێـت و هـاوکات تێکیشـی دەدات. هـەم خەڵکەکـە دەکاتـە پشـتوپەنای یەکـتر بـۆ دژایەتیکردنـی، هـەم ترسـێکی بەردەوامیشـە و مەترسـییە بـۆ سـەر ناموسـی ماڵـەکان و لێـك ترازانیـان..
ترس لە «زگورد»، ترسە لە گەنجێتیی چەپێنراوی خۆیان...

# چاوەکانت..

سـەیری چاوەکانـت دەکـەم. یەکسـەر دەمکەیتـە ئۆبێکـت و بابـەت. هیچـم نیـە بیڵێـم. هیچـم لـە دەسـت نایـەت. مـن مرۆڤـم و تـۆش هـەروا. دەبێـت هاوکێشـەکە پێچەوانـە بکەینـەوە و تـۆ شـتێکت لەدەسـت بێـت. تـۆ دەڕۆیـت. تـۆ جێـم دێڵیـت. تـۆ دەتوانـی لـە مـن ببوریـت...

تۆ کچێك نیت. مەبەستم ژنێك نیە. تۆ نەخۆشێکی سەرەتانی ئەم دونیایەیت..

چۆن لە ڕووومان بێت نیگایەك بگرینە نیگای ئەوانەی کە نەخۆشیی سەرەتانیان هەیە؟

# یاخیبوون و قازەکانی زانکۆ:

١. هێنـدەی تێگەیشـتبم یاخیبـوون واتـە -یاخی!-نەبـوون. واتـە لـە پشـتەوە دەسـکاریی شـتەکان بکـە. ناراسـتەوخۆ و نائاگایانـە بیانگـۆڕە. یاخیبـوون ئـەوە نیـە بڵێـی: مـن یاخیـم. کـە وتـت مـن یاخیـم، ئیشـەکەت دەکەوێتـە ژێـر گومـان و پرسـیارەوە. یاخیبـوون ئـەو کاتـە یاخیبوونـە کـە ژێـر پێـی ئەوانـی تـر لێـژ بکەیـت و ئاگایـان لێـی نەبێـت. لـە خـەودا بیانخەیتـە سـەر لا، نـەك ئـەوەی بڵێـی بخـەون بـا بتانخەمـە سـەر لا..

زۆرێکـمان سـەردانەکەی فرۆیدمـان بیسـتووە بـۆ ئەمریـکا. پێـش ئـەوەی پێـی بخاتـە خاکـی ئەمریـکاوە وتبـووی: نازانـن ئێمـە تاعونمـان بـۆ هێنـاون. مەبەسـتی فرۆیـد لـە تاعـون، دەروونشـیکارییە. یاخیبـوون، تاعونێکـی کپـە.

٢. لـە دەروونشـیکاریدا نەخـۆش بـەردەوام قسـە دەکات و مەجالـی دکتۆرەکـە نـادات پرسـیاری لـێ بـکات. ئـەم ژاوەژاوە بـۆ ئەوەیـە تاکـو نەخۆشـەکە بـە پرسـیاری دکتۆرەکـە بریندارتـر نەبێـت. قیرەقیـڕی زانکۆکانـی ئێمـە لـە سـەرەتای قۆناغـی یەکـەوە، جۆرێکـە لـە قیـڕەی نەخۆشـەکان: دەقیرێنیـن بـۆ ئـەوەی تەلەبـە تـازەکان پرسـیار نەکـەن زانکـۆ بـۆ وایـە؟!

# «چەکەکەت دانێ!»

خێزانی کوردی بە دەوری سەنتەرێکدا کۆدەبنەوە. سەنتەرێکی پەراوێزخراو. کپ و شاراوە. هاوکات ئەمین و تاقانە: چەکی ناو ماڵ.
خێزانی کوردی ناڕاستەوخۆ لە دۆخی سرووشتیدا دەژی. تێزەکەی -هۆبز-ی بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە: جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان. جەنگێك کە هەموو ڕۆژێك دوای دەخەین. چەکەکان لە گۆشەیەکی تاریکی ماڵەکەوە دانراون. ڕەنگە دەلالەتەکەی ڕوون بێت: نامانەوێت بیرمان بکەوێتەوە کە ئاسایشمان مسۆگەر نیە. ناشمانەوێت بیرمان بچێتەوە کە خودا و هێزی ڕزگارکەر و غەیبانی هەمیشە لە تاریکیدان. یان بێدەنگیی موتڵەق دەزانن، یان تورەبوونی موتڵەق..
«چەکەکەت دانێ» هەمیشە ڕستەیەکی ئایدۆلۆژی بووە. نیشانەی ئەمن و ئاشتی نیە. کەس وەکو خێزانی کوردی چەکەکەی دانەناوە و هاوکات لە جەنگیشدا ناژی: دوا دەرکەوتەکانی، خۆکوشتنی گەنج و ژنان بووە بەو چەکانەو، مردنی منالان بووە بە هۆی لەدەست دەرچوونەوە.
ئێمە گەر بە ئەنقەست ئەوی تر نەکوژین، ئەوا بە سودفە قەرەبووی دەکەینەوە..

# «گردەکە»

ئێوارەیەکـی درەنـگ، کابرایـەك لـە ویلایەتێکـی دوورەوە دەگاتـە گوندەکـە. گەرچـی نیەتێکـی خراپـی نیـە، بـەڵام وەك بەڵایەکـی ناگەهـان ژیانـی خەڵکەکـە هـەرەس پـێ دێنێـت.
ژنـە چیرۆکنـوس «پاتریشـیا هـای سـمیس»، چیرۆکێکـی سەرنجڕاکێشـی هەیـە بـە نـاوی: the black house. ئەوەنـدەی بیرم بێـت بـەم جۆرەیـە. لـە گوندێکـدا و لەسـەر گردێك خانوویەکـی تاریـك و ڕەش هەیـە. ئـەم خانـووە تاریکـە، ژیانـی خەڵکەکـەی ڕۆشـن کردۆتـەوە. تەنیا خانوویەکـی ئاسـایی نیـە. شـوێنێکە کـە هـەر کەسـە و چیرۆکێکـی پیـا هەڵواسـیوە. دەڵێـن جـڕ و جانـەوەری سـەیری تیایـە و وەهـا و وەهایـان لـێ کـردووە. هـاوکات یەکێـك دەڵێـت لـە گەنجێتیـدا مەعشـوقەم تـێ بـردووە. یەکێکـی تریـش دەڵێـت پیـاوم تیـا کوشـتووە. هـەر کەسـە و ڕابردوویەکـی شـکۆداری درووسـت کـردووە و هەڵـی داوەتـە خانووەکـەوە. ئـەو خانـووە، خانـووی وەهمـە. وەهمێـك کـە دەیانجـار لـە حەقیقـەت گرنگـترە. ئـەو کابرایـەی کـە وەك غەریبەیـەك دێتـە گوندەکـەوە، یەکسـەر دەچێـت بـۆ مەیخانەکەیـان. گـوێ لـە حەکایەتـی خەڵکەکـە دەگرێـت کـە چۆنچۆنـی باسـی چیرۆکەکانـی نـاو خانووەکـە دەکـەن. ئەمیـش پێـی سـەیرە. بڕیـار دەدات کـە سـەر لـەو خانـووە بـدات و ڕیسـکێك بنوێنێـت و خـۆی لـەم ئیعجابـە ڕزگار بـکات. مەغریبـی دواتـر دەچێتـە کـن خانووەکـە. دەبینێـت نـە هیچـی تیایـە و نـە هیـچ تـرس و سامێکیشـی هەیـە. بـە شـانازییەوە دەگەڕێتـەوە لای خەڵکەکـە و دەڵێـت ئـەوە ئێـوە چـی دەڵێـن؟ ئـەوە تەنیـا خانوویەکـی ڕەق و تـەق و چۆڵـە. ئـەم حەقیقەتـە خەڵکەکـە تووشـی شـۆك دەکات. سـەدمەیەکی خێـرا بـڵاو دەکاتەوە. هـەر بۆیـە یەکێـك لـە خەڵکەکـە هەڵدەسـێتە گیانـی کابـرا و لـە پشـتەوە چەقۆیەکـی لـێ دەدات و دەیکوژێـت. هەموومـان دەزانیـن بـۆ؟ چونکـە خەیـاڵات و شـکۆی وەهماویـی خەڵکـی گوندەکـەی تێکشـکاند. حەقیقەتێکـی پێـدان کـە هێنـدەی وەهـم گرنـگ نەبـوو...
بـە کورتییەکـەی، دەشـێت «گردەکـە»ی گۆڕانیـش شـتێکی لـەم جۆرە بێـت. خەڵکێکـی زۆر خەیاڵاتی

خۆیانیـان تـێ فـڕێ داوە. زۆرێـك هـەن و فەشـەل و یەئسـی خۆیانیـان بـەو گـردەدا هەڵواسـیوە. گردێکـی تاریـك و ڕەق و تـەق. هـەر لـە خانـووە تاریکەکـەی سـەرەوە دەچێـت. گـەر شـتێکی زیـادەی تیـا بێـت، هەنـدێ جـڕ و جانـەوەرن کـە ناویـان ڕۆژنامەنوسـی زمانشـڕ و ترسـناکە.
دڵـم بـەو ئینسـانانە دەسـوتێت کـە ڕۆژێـك وەهمەکانیـان هـەرەس دێنێت...ئامـاژەکان لێـرەوە دوور نیـن..

# ڕوونکردنەوەیەك:

پۆسـتەکەی پێشـوو هەندێـك بەدحالیبوونـی خسـتەوە. سـەیر نیـە. بەشـێك لـە سرووشـتی زمـان و زەیـن لەسـەر بەدحاڵیبـوون راوەسـتاوە. نەخـوازەڵا لـە کۆمەڵگایەکـدا کـە عەشـق و تەعەصـوب تێکەڵـن. کـە لـە کەللـەی هەریەکەمانـدا هەندێـك وێنـە و حوکمـی پێشـوەخت هـەن و مـرۆڤ تووشـی کاردانـەوەی خێـرا دەکـەن.
١١. مـن نەمویسـت لـە ڕێگـەی ئـەو چیرۆکـەوە پێشـبینییەکی شـمولی بکـەم. ئـەوە تەفسـیرێکی هەڵەشـانەیە. عەقڵێکـی تۆتـاڵ و شـمولییە. نەمویسـت کـۆی ئەزموونێکـی سیاسـی نەفـی بکەم(گەرچـی ئـەم تەفسـیرەش ڕەوا و کراوەیـە). ویسـتم بچمـە نـاو خەیـاڵ و چـاوی خەڵکانێکـی سـادەوە و لـە ئومێـد و وەهمەکانیـان بڕوانـم. ڕەنگـە ئـەو مرۆڤـە سـادانە کەسـە نزیکەکانـی خۆمـان بـن. ئەوانـەی کـە خەیاڵاتـی بەهەشـتی بـە دیاردەیەکـی تەمومژاویـی سیاسـییەوە لـێ دەدەن. واتـە گـەر پێشـبینیم کردبێـت، بـەم جـۆرە کردوومـە: جـاران باسـی ئـەوە دەکـرا کـە فلانـە سـاڵی مـاوە بـۆ ڕوودانـی ئاخـر زەمـان. واتـە دەوتـرا دونیـا بـە یـەك جـار هـەرەس دێنێـت. هـاوکات تەفسـیرێکی تریـش هەبـوو دەیـوت، مردنـی هەرکەسـێك بریتیـە لـە ئاخـر زەمانـی ئـەو کەسـە. منیـش لێـرەدا باسـی ئاخرزەمانـی تاکەکەسـم کـردووە. وەهمـی تاکـە تاکـەی خەڵکـەکان. ڕۆژانـە مرۆڤـی ئێمـە، تووشـی ئـەم سـەدمەیە دەبـن.
٢. کاتێـك نوسـیومە ئامـاژەکان لێـرەوە نزیکـن، دیسـان مەبەسـتم کات و پێشـبینی نەبـوو. ئـەوەش یەکسـەر بـە هەڵـە تەفسـیر کـرا. مەبەسـتم مـەودای سیاسـی بـوو. لـە سیاسـەتدا هەمیشـە ئەگـەر و مـەوداکان نزیکـن.

٣. هەندێك پێیان وایە سیاسەت بە ئەدەب و هونەر باس ناكرێت. ئەمە قەناعەتێكی هەڵە و هەژارە. ئەمە هەڵەتێگەیشتنە لە ئەفلاتونی داماو. ئەفلاتون خۆی لە ڕێگەی میتافۆری ئەشكەوتەكەوە زۆرێك لە تیۆرەكانی خۆی شەرح دەكات. ئاشكرایە كە ئەشكەوتەكەی، هەم بە فۆرمی شانۆنامە باس دەكات و هەم وەك یەكەم دەركەوتەی سینەماش دادەنرێت لە مێژووی فەلسەفەدا. ئەم قەناعەتە سادەیە، بە سوكی سەیری ئەدەب دەكات. نازانێت ئەدەب و چیرۆكەكان جۆرە دەرەنجامێكی پوختن. گەر لێیان قووڵ بیتەوە، بەوێنەكردنی تیۆرەكانن. ژیژەك لە ڕێگەی نوكتەی كابرایەكی لادێیەوە تیۆری عەدالەتی (جۆن راوەڵز) ڕەخنە دەكات. بگرە زۆرجار هەموو بارودۆخی جیهان لە ڕێگەی چیرۆكێكی كورتەوە ڕاڤە دەكات. ڕۆمانەكانی وەك ١٩٨٤، مەزرای ئاژەڵان، كۆشك، كوێری و بینایی لەو ڕۆمانانەن كە تەنانەت پێشبینیی دۆخی سیاسی دەكەن. تەنانەت جاران هۆمێر بە شیعر شەن و كەوی سیاسیی دەكرد. ئەم قەناعەتەی لای ئێمە خۆی نوكتەیەكە. گەر بتەوێت لە بەشێكی واقیعی ئێستا تێبگەیت، دەبێت ئەم نوكتەیە بگێڕیتەوە.

٤. دواجار مەبەستم لە جڕوجانەوەر هەر بە ڕاست جڕوجانەوەرێكی بەناو ڕۆژنامەنووس بوو كە خۆی دەكات بە گردەكەدا. نەك بێژەرێكی بەدبەخت كە بۆ بژێویی منداڵەكانی هەواڵ دەخوێنێتەوە.

٥. گۆڕان جۆرە جەنگاوەرێكی تری درووست كردووە. ختووكەی بدەیت تووڕە دەبێت، نەك پێبكەنێت.

٦. ئەم بۆچوونە پاساو نیە بۆ هیچ لایەنێكی تر. ئەویش هۆیەكی هێجگار سادەی هەیە: گۆڕان و پارتی و یەكێتی و حیزبە مشەخۆرەكانی تریش دواجار تەنیا لە ناودا جیاوازن. تا ئێستا وا دیارە كە ئایدیاڵی گۆڕان ئەوە بێت هاوڵاتییەكی خۆشگوزەران بەڵام گێل و سست درووست بكات. جۆرە مرۆڤێك كە نیچە پێی دەوت دوایین مرۆڤ!

# زەوقی خۆت بپشکنە:

بەگشـتی لـە کەلتـوری خۆمانـدا، مۆسـیقای ڕووت گوێگـری کەمـە. عامـەی خەڵکەکـە تاقـەت و توانـای ئەوەیـان نیـە گـوێ لـە مۆسـیقایەکی بـێ وشـە بگـرن. تەنانـەت زۆرجـار مۆسـیقای نـاو گۆرانییـەکان لـە پێـش و پاشـدا دەقرتێنرێـن. ئەمـە کلێشـەیەکی درووسـت کـردووە و پێـمان دەڵێـت: مۆسـیقای بـێ گۆرانـی لاوەکیـترە. زەوق و میزاجـی تایبەتیی دەوێـت. دەتوانین تۆزێـك بڕۆینە دواوەوە و لـە دیـن و پێشـینەی میتافیزیکیـی خۆمانـدا بـۆ ڕیشـەی ئـەم کلێشـەیە بگەڕێیـن. دەشـێت بڵێیـن بـە کـەم وەرگرتنـی مۆسـیقای بـێ وشـە، پەیوەندیـی بـە سـەنتەرگەرایی وشـە و مانـاوە هەیـە لـە عەقڵـی دینیـدا. دیـن تـا ئـەو ڕادەیـە گرنگیـی بـە مانـا و دەستنیشـانکردن و وشـە دەدات کـە بیکاتـە سـەنتەر. وشـەی مانـا هەمـان وشـەی (معنا)ـی عەرەبییـە و دەنگەکـەی سـوك کراوەتـەوە. وشـەی (مەعنەوییەت)یـش لـە (مەعنا)ـەوە هاتـووە و گوزارشـتە لـە ئەزموونـی مەعنایـی. ئەزموونێـك کـە کەمـتر مادییـە و دیـوی ئایدیاڵیسـتیی هەیـە. ئەوەتـا دینیـش بـە بازنەیەکـی مەعنـەوی دادەنرێـت. واتـە دینیـش بازنەیەکـە بـۆ پێداگرتـن لەسـەر مەعنـا. مۆسـیقا کەمـتر و درەنگـتر مەعنـا دەکرێـت و ملکەچـی مانـا دەبێـت. گۆرانـی و وشـە و ڕستەی نـاو گۆرانـی دەتوانـن جـۆرە مانایەکـی ڕاسـتەوخۆ و کلێشـەییمان بدەنـێ. زەوقـی ئێمـە لێـرەوە زەوقێکـە لەسـەر پایەیەکـی دینـی درووسـت بـووە. ئێمـە دەبێـت گوێـمان لـە وشـەی ڕووبـەری مانـا بێـت، لـە جیاتیـی ئـەوەی بـەر کپیـی مانـا بکەویـن: مۆسـیقای ڕووت!

لێـرەدا بیرخسـتنەوەیەك گرنگـە. مۆسـیقا و عیرفـان، پەیوەندییەکـی تایبەتیـان پێکـەوە هەیـە. بۆیـە مـەرج نیـە تەنیـا وشـە و مانـا بچنـەوە سـەر عیرفـان و مەعنەوییـەت، بەڵکـو دەکرێـت سـکوت و نەوتن-یـش بچێتـەوە سـەر عیرفـان. کێشـەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـە گرێدانـەوەی مانـا بـە مۆسـیقاوە، وەك لـە گۆرانیـدا دەرکـەوت، بـۆ ئاسـتەکانی خوارەوەیـە. بـۆ دڵ و گوێـی خەڵکانێکـە کـە مانـای ئامـادە و نواندنـەوەی خێـرای ئـازار و خۆشـییەکانیان دەوێـت. مۆسـیقا تەنیـا بـۆ بازنەیەکـی بچـوك و دیاریکـراو دەتوانێـت مانـای هەبێـت، گەرنـا دیسـان دەکەوێتـەوە نـاو بـێ مانایـی.

## دەستدرێژیی هاککەرەکان:

هـاك كـردن بونیادێكـی سێكسـیی هەیـە. دەچیتـە نـاو حەرەمـی تاریكـی ئـەوی تـرەوە. پێشـتر دەتزانـی حەرەمـی هەیـە و بـەڵام لەمسـت نەكردبـوو. هـاك واتـە دزەتێكـردن، چوونـە نـاوەوەی كەسـێك. واتـە خەیـاڵ بـە شـتە شـەخصی و شـاراوەكانییەوە دەكەیـت. ئـەو شـتانەی دەدزیـت كـە بـۆ خەڵـك گرنگـە و بـۆ خـۆی گرنـگ نیـە.

هـاك تـا ئـەو شـوێنە وەك هـاك دەمێنێتـەوە كـە ئـەوی تـر بەئـاگا نەیەتـەوە. گـەر پاسۆردەكەشـت بداتـێ هـەر بـە هـاك دانانرێـت. هـاك گەڕانـە بـە دوای چێژێكـی دزراودا. دەبێـت بچیتـە نـاو ئـەوی تـرەوە و ئـاگای لـێ نەبێـت. دەبێـت دزە بكەیتـە نـاو جەسـتەی خەوتـوو و مـردووی ئەوی تـرەوە. هـاك سـەر بـەو تێـزەی ژیژەك-لاكانـە كـە دەڵێت«ئـەو مـردووە، بـەڵام هێشـتا خـۆی نەیزانیـوە».

سێكسـی هاككـەرەكان لـە سێكسـی مردووبـازەكان دەچێـت. ئـەوەی كـە پێـی دەوترێـت نەخۆشـیی نایكرۆفیلیـا. سـێكس لەگـەڵ مردووەكانـدا.

-چێژ-ـی هاك دەكەوێتە پێش -سود-ـی هاكەوە..

# سێدارە و سەر-دار!

بەپێـی خەونامـە کلاسـیکییەکان، گـەر لـە سـێدارە بدرێیـت ئـەوا لـە واقیعـدا دەچیتـە سـەرەوە. بـە سـەر چـوار دەورەکەتـدا حوکـم دەکەیـت. بـۆ ئـەوە دەچیتـە سـەر دارەکـە، تاکـو ببیتـە سـەردار.

ڕەنگـە سـێدارەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە هەمـان لۆژیـك ئیـش بکـەن. کەسـێك لـە سـێدارە دەدات بـۆ ئـەوەی بیکاتـە سـەردار و سـەروەر. نائومێـدی نیـە، بـەڵام ڕەنگـە هێشـتا لـە ڕۆژهەڵات ژمـارەی لەسـێدارەدراوان نەبووبنـە شـەپۆلێك. نەبووبنــە بزوێنــەری شۆڕشــێك. هێشــتا ڕێــگای سـەر -دار-ــەکان دانەخـراون.

قـوڕگ ترسـناکە. سـێدارە هەڵهاتنـە لـە قـوڕگ. ئـەم خاچـە سیاسـییە، قوڕگـەکان دەخنکێنێـت بـۆ ئـەوەی بێدەنـگ بـن. بـەڵام درەنـگ یـان زوو قوربانییـەکان دەگەڕێنـەوە: مـردووەکان هەمیشـە بــۆ دەرفەتێــك دەگەڕێــن بگەڕێنــەوە.

دیکتاتۆرەکان لەوەدا بەدبەختن، کە خەوی قوربانییەکانیان دێتە دی..

## «لەقەب»:

لەقـەب بـە ئەگەرێکـی سـادە دەسـت پێـدەکات: باوکێـك لادەدەیـت و باوکێکـی تـر دەخەیتـە جێگـەی. باوکـی یەکـەم وشـەیەکی نێرانەیـە و باوکـی دووەم عەشـیرەت و شـار و ناوچە...هتـد. واتـە لـە باوکێکـی بایۆلۆژییـەوە دەپەڕینـەوە بـۆ باوکێکـی ڕەمـزی و تەمومـژاوی. ناسـینی باوکـی دووەم ئاسـان نیـە، چونکـە تەنیا باوکـی تـۆ نیـە بەڵکـو کەسـانی تریـش دەتوانـن هەمـان بـاوك هەڵبژێـرن. هەمـان «لەقـەب» و نازنـاو هەڵبژێـرن. بـە دەربڕینێکـی تـر، لەقەبـدارەکان ئۆدیپێکـی خەسـیون. باوکێـك دەکـوژن و باوکێکـی تـر دەخەنـەوە جێگەکـەی.
وەك چـۆن شـەریکی جنسـی و شـەریکی خـواردن و شـەریکە قسـە هەیـە، شـەریکە باوکیـش هەیە: لەقـەب  باوکێکـە و بەزەیـی بـە منداڵەکەیـدا دێتـەوە، شـوێنگە کۆمەڵایەتییەکـەی دادەپۆشـێت، دەیخاتـەوە نـاو کەوڵێکـی گـەورە و گـەرم. سـەیر لەوەدایـە گـەر ئـەم هێڵـە درێـژ بکەینـەوە ئـەوا دەگەینـە سـەر کەسـایەتیی دایـك: تـۆ بڵێـی «لەقـەب» هەوڵێـك نەبێـت بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی عەشـقی دایـك؟
ئێمـەی «لەقەبـدار» هەرچەنـد لـە واقیعـدا کەسـدار بیـن، ئـەوا بـە مانا ڕەمزییەکـەی بێکەسـین: گـەڕان بـە دوای دایـك و باوکێکـی تـردا؟

# دیالەکتیکی خۆزگە:

کاتێـك دەتەوێـت فێـری ئینگلیـزی بیـت، لەبـەر خۆتـەوە دەڵێیـت: خۆزگەسەرنشـینانی زەوی هـەر لـە سـەرەتاوە بـە یـەك زمـان قسـەیان کردبـا. سەرێشـەی فێربوونمـان نەبووایـە. وەك بڵێـی ئـەم هەمـوو زمانـە دواخسـتن و سـەرقاڵکردنی مرۆڤـن. گـەر نیگایەکـی چـەوت بگرینـە ڕسـتەکەی خۆمـان ئـەوا هـاوکات ئیـش بـۆ خۆزگەکەمـان دەکەیـن. بـۆ ئـەوەی کـە هەمـوو جیهـان بـە یـەك زمـان قسـە بکـەن: هەمـووان بـە ئینگلیـزی بدوێـن. لـەم پێـچ لێدانـە سادەیەدا، تێزێکـی گرنـگ نوسـتووە: دیالەکتیکـی خۆزگـە.

گـەر جیهـان لـە سـەرەتاوە بـە یـەك زمـان قسـەی نەکردبێـت، ئـەوا دەیەوێـت لەمـەودوا و لـە کۆتاییـدا بـە یـەك زمـان قسـە بـکات: خۆزگـەی ئاوەژوو.

# ش ک ا ن؟

قەبریـش جۆرێکـە لـە پەیکـەر. پەیکەرێکـی ئاسـایی، تەخـت و ڕاکشـاو، ڕانەگەیەنـراو. ئێمـە وا ڕاهاتوویـن کـە تەنیـا لـە باخچـە و شـەقامەکاندا چـاو بـۆ «پەیکـەر» بگێڕیـن. واتـە پەیکـەرەکان لـە نـاو قەرەباڵغیـدان. قەبرەکـەی شـێرکۆ پەیکەرێکـی عەیـارە تـەواوە. هـەم لەنـاو قەرەباڵغیدایـە و هـەم دوای مردنیشـی پەیکـەری بـۆ نەکـراوە. بۆیـە لێـدان و شـکاندنی قەبـری شـێرکۆ لانیکـەم دەلالەتێکـی دەروونشیکاری-ـی هەیـە، بەتایبـەت بەپێـی لاکان:
گـەر ئیسـلامییەکان ئـەم کارەیـان کردبێـت «کـە ئەگەرێکـی بەهێـزە»، ئـەوا بـۆ شـتێکی لەدەسـتچوو دەگەڕێـن. یـان وردتـر بڵێـم: لەدەسـتچوونی لەدەسـتچوون. ئـازاری «لەدەسـتدانی لەدەسـتدان» لـە ئـازاری ئـەو پیـاوە دەچێـت کـە ژنێکـی خـۆش ویسـتبێت و پـاش مردنـی ژنەکـە تێبـگات کـە، ژنەکـە هـاوکات کەسـێکی تریشـی خـۆش ویسـتووە. واتـە پیاوەکـە هـەم ژنەکـەی لەدەسـتچووە و هـەم خۆشەویسـتیی ژنەکـەش. پیاوەکـە ئیسـلامییەکانن. بۆیـە ئیسـلامییەکان شـتێکیان لەدەسـتچووە کـە دووجـار لەدەسـتچووە. هـەم لـە ژیانـدا و هـەم لـە مردنیشـدا. ئـەوان دەبـوو شـێرکۆ بخزێننـە بازنـەی دینـەوە و نەیانتوانـی. هـاوکات ویسـتیان بـە جەسـتە و فیزیکیـش بیکـوژن و دیسـان نەکـرا. تاکـە وەڵام و کاردانـەوە بـۆ ئـەم دۆخـەی ئـەوان، شـکاندنە. شـکاندن بـۆ ئـەوان قەرەبوویەکـی بـۆش و بێهوودەیـە. گوێگرتنـە لـە دەنگـی بـەرد و کێـل. مـادام دوو جـار شـێرکۆیان لەدەسـتچووە، ئـەوا دەبێـت دوو جاریـش لێـی بـدەن: لـە قەبرەکـەی و لـە پەیکەرەکەشـی. وەك وتمـان مەزارگـەی شـێرکۆ دوو شـت و دوو دۆخـە: هـەم قەبـر و هـەم پەیکەریـش.

# گەر مامۆستای ڕێزمان بیت؟

نزیکـەی ٤ سـاڵ مامۆسـتای خۆبەخشـانەی ڕێزمـان بـووم. هـی پۆلـی ١٢. ئێسـتا زۆر شـتم بـۆ ماوەتـەوە، لانیکـەم ئێسـتا دونیـا لـە سـێ پەنجـەرەی تریشـەوە دەبینـم:

١. هەموو شتێك كارە، پراكتیكە: مرد كارە، خەوت كارە، لەدایكبوو كارە ....هتد.

٢٢. زۆر شـت دەتوانـن ببنـە بكـەر، ژیـان دەچێتـە نـاو كـون و كەلەبـەری زۆر شـتی تریشـەوە: ئـەو هـات، بەردەكـە كـەوت، خـودا مـرد، شاشـەكە دادەگیرسـێت.

٣٣. مـرۆڤ تەنیـا داخـوازی و ئەمـر دەكاتـە سـەر بەرامبەرێكـی ئامـادەدا، بـە تەعبیـری ڕێزمانـی بەسـەر كەسـی دووەمـی تـاك و دووەمـی كـۆدا: تـۆ بخوێنـە، ئێـوە خانووەكـە بفرۆشـن. سـەیر لەوەدایـە ڕێزمـان پێچەوانـەی خـۆی دەبێتـەوە و ناتوانیـت كاری داخـوازی (فیعلـی ئەمـر) لـە هەنـدێ كار درووسـت بكەیـت: تـۆ بمـرە! ئەمـە جگـە لـە مەجـاز چیـی تـرە؟

ڕێزمـان لۆژیكـی شـتەكان تێـك دەداتـەوە: بـە دەربڕینـی فۆرماڵیسـتەكان جۆرێكـە لـە (داماڵینـی ئاشـنایی). كەچـی تەلەبـەكان هـەر لـە شـتە ئاشـناكاندا مانـەوە..

# ئەفسانەی قات:



ڕەنگـە لەبنەڕەتـدا قـات، جـل نەبێـت. دەشـێت جەنگێکـی دەروونـی بێـت دژ بـە جلەکانـی تـر. ڕەنگـە تـرس بێـت لـە بێباکیـی فالینـە و تیشـێرت.

١١. قـات سـنورە: قـات بـە شـکڵەکەیدا پێـمان دەڵێـت: ئەمـە سـنوری منـە. مـن تـا ئێـرە هاتـووم و تـۆش نزیکـتر مەبـەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر قـات سـندووقە. دەمانخاتـە نـاو خـۆی. سـندووق خـۆی سـنورێکی ڕەق و کۆنەپارێـزە. جێـی شـاردنەوە و ڕاکردنـە. قـات لـەو سـندووقە دەچێـت کـە تەنیا ڕێگـە بـە سـەرمان دەدات دەری بێنیـن و بڵێیـن: هێـی ئەمـە سـنوری منـە.

٢٢. قـات وەك ڕێـز: ڕێـز شـتێکی بێگونـاه نیـە. بارگاوییـە بـە چاوپۆشـی و عەبدایەتـی. کەشـفکردنی ئەمانـە لەنـاو ڕێـزدا کارێکـی ئاسـان نیـن. بـەڵام پێچەوانـەی ڕێزیـش بـێ ڕێـزی نیـە. دەبێـت ئـەو دوالیزمـە بکوژیـن. قـات واتـە ڕێـز دەگۆڕینـەوە. چرکەیـەك تـۆ ببـە ئەربـاب و چرکەیـەك منیـش. بـە دیوێکـدا ژیانـی کۆمەڵایەتـی بریتییـە لـە ئاڵوگـۆڕی چرکـەی وردی کۆیلایەتـی.

٣٣. قـات خاڵـی پەڕینەوەیـە لـە جەسـتەوە بـۆ پەیکـەر. نـە جەسـتەیە و نـە پەیکـەر. نـە ئازادیـی جەسـتە دەپارێزێـت و نـە نەمریـی پەیکەریـش. دەیەوێـت جەسـتەت داپۆشـێت. دیلـی بـکات. دەمامکـی لەسـەر دانێـت.

٤٤. ڕێـزم بـۆ قـات لەبـەرەکان هەیـە. قاتلەبـەر هەمووەمانیـن. ئـەو دەمـەی کـە قاتێـك وەك سـندووق هەڵدەکێشـینە بەرمـان. ناوێـرم دەم بخەمـە دەمیـان. لانیکـەم لەبـەر ئـەوەی کـە بـێ ئـەوەی دەمیـان بکەنـەوە، زمانیـان درێـژە: بۆینبـاخ!

# لەقتەیەکی سایکۆلۆژیی گۆشتی قوربان:

قوربـان جۆرێکـە لـە نزیکبوونـەوە و خۆنزیککردنـەوە: قـرب+ان. بـە ئاژەڵێکـدا بگـە بـە خـودا. ئاژەڵێـك بکـە بـە ناوەنـد. ئاژەڵێـك بـە سـەربڕاوی. بـە گۆشـتەکەیدا تـا لای خـودا بچـۆ. بەنـاو گۆشـت و خوێنـدا بچـۆ. هێنـدە نزیـك ببـەوە کـە نەزانـی گۆشـت و خوێنەکـە هـی کامتانـە. کامتان...! تۆ و ئاژەڵەکە و خ...

# عەشقی یەکەم!

پێتان وایە مرۆڤ یەك جار عاشق دەبێت. پێتان وایە جارەکانی تر، کۆپی و تیکراری عەشقی «یەکەم»ن. پێتان وایە عەشقەکانی تر بۆ لەبیرکردنی عەشقی «یەکەم»ن. با تێستێکی سادە ئەنجام بدەین:

١١. ڕەنگە خاوەنی ئەم قسەیە بیەوێت هەرچۆنێك بێت مەجاز و میتافۆرێکی ئەدەبی دروووست بکات. واتە وێنەیەکی لە واقیعدا دۆزیبێتەوە و یەکسەر بەسەر عەشقدا جێبەجێی بکات. هەمان وێنە بەسەر دۆخ و دیاردەی تریشدا پیادە دەکات. وەك ئەو شاعیر و نوسەرە تەمەڵانەی کە بەبێ هیچ وردبوونەوەیەك شتەکان بە یەك دەچوێنن. یان وێنەیەکی چکۆلەی ئەدەبی دەدۆزنەوە و حوکمێکی قورسی پێ دەدەن. وەك ئەو کابرایەی کە مانگایەکی بۆ مێخسکەکەی کڕیبوو، یان دەستێك قاتی بۆ بۆینباخە دۆزراوەکەی کڕیبوو.

٢٢. دانانی دەستەواژەی «عەشقی یەکەم»، تێنەگەیشتن و خۆدزینەوەیە لە ئاڵۆزی. ئەوانەی توخنی ئاڵۆزی ناکەون، دونیا بەسەر یەکەم و دووەم و چەندەمدا دابەش دەکەن. وەك بڵێی هەر ڕووداوێك ڕێك لە هەمان ڕووداوی پێشووتر دەچێت، سێو و سەیارە و خورما و پشیلە و خانوو هەر یەکن، مادام بە ژمارە یەکن!

٣٣. خاوەنی ئەم قسەیە پێی وایە ئەوەی لە تەمەنی موراهیقیدا ڕوودەدات «عەشقی یەکەم» و یەکجارییە. گەر ئەوەش بە عەشق نەزانێت چیی بەو موراهیقە دەڵێت کە پێی وایە دونیای بەسەردا ڕووخاوە، یان بە زمانە ژیژەکییەکە: سوبژەکتیڤیتەی کەوتۆتە لەقین.

٤٤. ڕەنگە ئەو کەسە هەموو خەون و خەیاڵاتی خۆی لەسەر یەك کەس هەڵچنیبێت و بە ڕۆیشتنی ئەو کەسە، خەونەکانیشی مردبن. تاکە ڕستەی شیاو بۆ ئەم کەسانە ئەمەیە: تۆ بەرهەمی کلیپە کوردیەکانیت. گەر کۆنتریش وترابێت، ئەوا کلیپە کوردییەکان بەرهەمی ئەون...

٥٥. ئەفسانەی «عەشقی یەکەم»، درێژکراوەی مەسەلەی نیوەکەی ترە. ئەو کەسانە بە هەڵە لەم مەسەلەیەش تێگەیشتوون. پێیان وایە ئەو کەسەی لە شوێنکاتی یەکەمدا بەرت کەوت ئیدی نیوەکەی ترتە. نیوەکەی تر، کلێشەیەکی دێرینە و مەبەست لەوەیە مرۆڤ کەم و کورتە نەك ئەوەی بگاتە پڕی و کەماڵ! زەینی ئێمە هێندەی لای پڕبوونەوەیە، هێندە لای ناتەواوی و نیوەیی نیە. کەماڵ چیمان بیردەخاتەوە: «پڕی و ئینتەلا و هێڵنج»؟.
٦٦. گەر عەشقی یەکەم بوونی هەبێت، تەنیا «عەشقی دایك»ـە. عەشقەکانی تر، هەوڵن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم عەشقە.
عەشق نەك یەك جار، بەڵکو هەمیشە تۆزێکی دەمێنێت ڕوودات..

## میوان:

هەندێـك میـوان خـۆش بـە دەم دەسـتەوە دێـن. هەسـت بـە قێـز و قورسـییەکەیان ناکەیـت، جارجـار بیـرت دەچێتـەوە کـە ئەوێکـی تـر لـە ماڵەکەتدایـە، وەك چاودێـر و دراوسـێیەکی قێـزەون بـەرت ناکەوێـت.

جۆرەکـەی تـری میـوان پێچەوانەیـە، هەمـان خەسـڵەتەکانی داگیرکـەر لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێـت. قەبـە و ناقۆڵایـە بـە ماڵەکـەت. لـە ژێـر فشـاری نیگاکانیـدا مانـدوو دەبیـت. ماڵەکـەت لـە جەوهـەری مـاڵ خاڵـی دەکاتـەوە، لـە جیاتیـی پشـوو؛ وەڕزیـت بـۆ دێنێـت.

ئـەی ئەگـەر ڕادیکاڵـتر بیـن؟: جـاران بەسـەر هەیوانەکانمانـەوە دەماننوسـی:«میوان خۆشەویسـتە»، بـەڵام دەکرێـت بـە میتـۆدە فرۆیدییەکـە گومـان بکەیـن و بپرسـین: گـەر هـەر بەڕاسـتە خۆشەویسـتە، ئیـتر چ پێویسـت دەکات بنوسین«خۆشەویسـتە»!

ئەمە ترس و دەمامك و بەرگری نیە؟

# شاجوان....

هەڵبژاردنـی شـاجوان، جۆرێکـی تـری ڕەگەزپەرسـتیی هاوچەرخـە؛ جیاکردنـەوەی جـوان لـە ناشـیرین، ناشـیرین لـە جـوان. ئـەم ڕەگەزپەرسـتییە پێوەرێکـی تـری جیاکردنـەوەی خسـتۆتە ئیـش: مەراسـیمە مەسرەفـی و میدیاییـەکان دەزانـن کـێ جوانـە، کـێ شـیاوی ئەوەیـە زۆرتریـن ئیعـتراف بچنێتـەوە، کـێ-ش لـە ئافەرینـی ئـەوی تـری گـەورە)) مەحـرووم دەبێـت.

ئـەم مەراسـیمە جـۆرە گرێیەکـی تـر بـۆ ژنـان و پیـاوان درووسـت دەکات، هەموویـان لـە بەشـی بەتاڵـی مەراسـیمەکەدا بەشـدارن، لـە ماڵەکانـەوە، هـەر لەوێـوە سـزا و پاداشـتی خۆیـان وەردەگـرن؛ شاشـەکان دەبنـە ئـەو چـاوە زەقـەی کـە شـوێنی کۆمەڵایەتیـی ژن دەشـێوێننەوە، وەك قەشـە مەسـیحییە ئیعـتراف وەرگـرەکان وان کـە گوناهـی گوناهبـاران پـاك دەکەنـەوە، شاشـەکان لـە گوناهەکانـی سـەرمایەداری و مـەسرەف پاکـت دەکەنـەوە.. بـەڵام گوناهێکـت نەکـردووە !

کرانـەوەی ژنـان، خزمـەت بـە وڵات، ناسـاندنی هەرێمـی کوردسـتان، لـە کلێشـە گەمژانەکانـی ئـەم مەراسـیمەن. یەکێـك لـە شـاجوانەکان وتبـووی: شـتێکم بەدەسـتهێناوە بۆیـە ڕەخنـەم لـێ دەگـرن. ئـەم ڕسـتەیە کتێبـە گرنگەکـەی ژان بۆدریارمـان بیردەخاتـەوە؛ کتێبـی کۆمەڵـگای مەسرەفـکار. ئـەم بەدەسـتهێنانە جگـە لـە بەدەسـتهێنانی نیشـانەیەك هیچـی تـر نیـە، ڕەخنەکـەش فێڵێکـی شـاراوەی کەپیتاڵیزمـە لـە کۆمەڵـگای ئێمـە، یەکێـك لـەو فێڵانـەی کـە پێـش هاتنـی سـەرمایەداری؛ لـە ڕێـی زمانـەوە دێـت....

مەراسـیمی شـاجوان، پەیوەندیـی بـە جوانییـەوە نیـە؛ چونکـە بـە وتـەی بۆدریـار ناشـیرینییەك لـە ئـارادا نیـە، وەك چـۆن لـە ریکلامەکانـدا ڕاسـتی و هەڵەیـەك لەگۆڕێـدا نەمـاوە، مەدلولێکـی دیاریکـراو ناگەیەنـن، دالێکـن بەتەنیشـت سـەدان دالـی تـرەوە، دەبێـت دوای مەراسـیمەکە، وەڵامێکـی تـری مـەسرەف بدەیتـەوە، مەراسـیمەکان و دالـەکان پێکـڕا و بەتەنیشـت مەراسـیم و دالـی تـرەوە مانایەکـی ڕوون دەگەیەنـن، وەك چەمکـی (تاقـم) لـە لۆژیکـی ئەمـرۆی بـازاڕ و کەلوپەلـی ناوماڵـدا..

## سێ sms

١. دەنـگ/دان بـە مانـا دێرێداییەکـەی دەچێتـە خانـەی لۆژیکـی دەنگـەوە، خانـەی میتافیزیکـی حـزوور، ئـەوەی کـە دەنـگ و حوکمـدان و مەدلولـی زۆر حـازرە. ئـەوەی کـە وێنەیەکـی خێـرا دەکێشـێت. بەخێرایـی دەنـگ و مانـا دەدەیتـە ئـەوی تـر: دەنگدان. گـەر دەنـگ نەدەیـت، ئـەوا لە لۆژیکـی سیاسـییەکاندا وەسـیلەکەت نەدۆزیوەتـەوە. وەسـیلەی دۆزینـەوەی مانـا. بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت کـە دەنگـدان بـە موتڵەقـی نەفـی بکرێـت. هەڵبـژاردن وەسـتانە لـە سـەر چەندێتـی و ژمـارە و دەنـگ. ئـەوەی کـە یـەك کـەس یەکسـانە بـە یـەك کەسـی تـر. ڕەنگـە دەنگـدان تەنیـا لەوێـدا گرنـگ بێـت کـە مـرۆڤ کـورت بکەینـەوە بـۆ بوونێکـی ڕووت و بایۆلـۆژی. هـەر یەکێـك لەگـەڵ یەکێکـی تـردا خاوەنـی مافـی هەناسـەدان و مانەوەیـە.

٢٢. عـادل عەزیـز ڕیکلامێکـی خوێنـدەوە. بونیادەکـەی، هەمـان بونیـادی عەقڵـی شـارچێتیی پیشـان دایـەوە، وتـی: ئـەی خەڵکـی شـار و لادێ، ئـەی چینـی خوێنـەوار و نەخوێنـەوار! دیـارە بـەدوای یەکداهاتنـی ئـەم دوو دەسـتەواژەیە شـتێکی سـودفە نیـە، گـەر سـودفەش بێـت ئـەوا سـودفەی نـاوەوەی زمـان و مانـا خۆیەتـی و بونیادگـەرەکان ئیشـی زۆریـان لەسـەر کـردووە. مەبەسـتم لـە نەسـتی بانگەشـەکەدا خەڵکـی شـار خوێنـەوارن و لادێـش نەخوێنـەوار.

٣٣. ڕەنگـە کاندیدێکـی دیاریکـراو نەبێـت دەنگـی بدەینـێ. گـەر کەسێکیشـمان دیـاری کردبێـت، ئـەوا زەوق و سـەلیقەی خۆمـان تاقـی کردۆتـەوە. پـێ ناچێـت پێوەرەکـەت پێوەرێکـی بابەتـی و ئۆبژەکتیـڤ بێـت. گـەر دەنـگ بدەیـن، دەنـگ بـە بۆشـاییەك دەدەیـن. بۆشـاییەك لەوسـەری کاندیدەکانـەوە. وەك بڵێـی دەنـگ بـە نادیـار دەدەیـن، بـە ئاینـدە، بـە خۆمـان! لەنێـوان کاندیـدەکان و پرۆسـەکەدا بۆشـاییەك هەیـە و پـڕ نابێتـەوە. ئێسـتا سیاسـەت لـە دونیـای ئێمـەدا

لـەو بۆشـاییەدا هەڵـواسراوە. سـادەترین ئەرگۆمێنتیـش ئەوەیـە کـە حیزبـەکان بەشـێکی گەورەیـان بـۆ بەخـت هێشـتۆتەوە. بەخـت واتـە ڕیاڵـی لاکانـی. ئـەو پنتـەی کـە هەیـە و کـەس نایناسـێت و دەرنەکەوتـووە. کاندیـدەکان کۆمەڵێـك نیشـانەی جۆراوجـۆری ئـەم چەنـد سـاڵەی دونیـای ئێمـەن: نیشانەناسـیی کاندیـد!

دەنگدان جۆرێکە لە تەئویل: تۆ بڵێی «مانا» بدەنە ژیانمان!؟

# مەشروب و چا:

باشـلار لـە کتێبـی (دەروونشـیکاریی ئاگـر)دا بـاس لـە جەوهـەری مـەشروب و چـا دەکات. مـەشروب بـە جەوهـەر گەرمـە و ئاگرێکـی ناوەکیـی لـە خۆیـدا شـاردۆتەوە، بەپێچەوانـەوە چـا بەڕواڵەتـدا گـەرم خـۆی دەردەخـات و لـە جەوهـەر و ناواخنـی خۆیـدا سـاردە؛ باشـلار گوتەنـی: چەنـد هـەژارە چـا !

کاتێـك ئـەم بـەراوردە دێتـە نـاو مەجلیسـی کۆمەڵایەتییـەوە، پێچەوانـە دەبێتـەوە، کاریگەرییەکەیـان بـە جۆرێکـی تـر دەکەوێتـەوە:؛ مەجلیسـی خواردنـەوە سـارد و پـەرش و بـڵاو، هـی چـاش گـەرم و گـوڕ!

ڕەنگە مەشروب بە تەنیا گەرم بێت و چاش بە تەنیا سارد.

## د. ، یان دکتۆر!

پێشـتر ئـەم (دال)ــەی نەبـوو. ناوێکـی ڕووت بـوو. پاشـان بـوو بـە دکتـۆر. دالێکیـان خسـتە پێـش ناوەکـەی: دکتـۆر فلانـی فـلان...

ئـەم دالـە چـی لەگـەڵ خۆیـدا دێنێـت؟ گـەر تۆزێـك قۆشـمەیی بنوێنیـن دەڵێیـن: دالـەکان لەگـەڵ خۆیانـدا هیـچ ناهێنـن جگـە لـە دالێکـی تـر. ئەمـە دیـدی لاکان و دێریداشـە، هـەر دالێـك چاڵـە لـە دڵـی دالێکـی تـردا.

کەواتە ئەم هەموو خاوەن دالەی دونیای ئێمە بۆچی دەگەڕێن؟

# تابوت:



تابـوت بـە تـەواوی شـوێن نیە- گەشـتێکی کورتـە بـۆ پچڕانـی بەشـێك لـە مـردن و نیشـانەڕێژکردنی. گەرچـی وەك مۆدیۆمـی مـردن سـەیردەکرێت، بـەڵام هەمـوو نیشـانەکانی ئێـرەی پێوەیـە: جەسـتە، سـندوقی گواسـتنەوە، سـەنتەرێك لـە مەراسـیمی مردنـدا، قەبـری گـەڕۆك.

تابوتـەکان ڕوون نیـن. وەك بڵێـی نهێنییـەك هەیـە و دەبێـت داپۆشـین. یاخـود کردەوەیـەك هەیـە و تۆزێـك درەنـگ کەوتـووە. دەبێـت بەرەمـزی بکرێـت. وەك ئـەوەی لاکان پێـی وایـە، مـرۆڤ هەمیشـە تۆزێـك زووتـر دێتـە دونیـاوە. کاتێـك دێـت گرفتـاری خەیاڵـی پارچەپارچـە و ناتەندرووسـتە. پـاش چەنـد مانگێـك ئیـدی دێتـە قۆناغـی بەڕەمزیببونـەوە. دەکەوێتـە نـاو خەرەنـدی زمـان و ئامـاژە ناکۆتاکانـەوە: تابـوت جارێکـی تـر دەمانخاتـەوە نـاو ئامـاژە و کـۆدە تاریکەکانـەوە، تۆزێـک درەنگـتر. دەبێـت مردنیـش وەك نیشـانەیەك، زنجیرەیـەك دەلالەتـی تـری بدرێتـێ- دەبێـت هەمـوو جـار مردنـەکان بەڕەمـزی بکرێنـەوە. تابـوت هەڵگـری ئامـاژە و مانایـە نـەك تـەرم.

تـۆ دەڕۆیـت بـۆ گۆڕسـتان، تـۆ ئۆبێکتێکـی ڕووت نیـت، تـۆ لـە کونـی تابوتەکـەوە چاودەبڕیتـە ئـەم جیهانـە کەڵەکەبـووەی نیشـانە و ڕەمـز و ئاماژەکان.

## تەنافەکەی خۆمان:

تەنافـەکان هەمیشـە تەنیـان. ڕیزێـك جلـی موسـافیر و بـێ وەفـا دێـن و دەڕۆن. ڕیزێـك فۆرمی تەڕ. تەنـاف لـە ملوانکەیەکـی کپـی سـەربان دەچێـت. هەرگیـز بـە پۆشـاکی درۆزن خـۆی ناشـارێتەوە. لـەوەش سـەیرتر، هەرگیـز خـۆی وەك پـرد نابینێـت. هەسـت بـە قێـز و قورسـیی جلـە ڕیـاکارەکان نـاکات. بـەو گریمانەیـەوە دەژی کـە ژیـان هەمیشـە ئێسـقانێك و جلێکـە و گۆشـتێك لـە ئـارادا نیـە. تەنـاف ئێسـقان و جلەکانیـش لـەش و گۆشـتیان تیـا نیـە و ئـەم ئەڵقـە ونبـووەی نێوانیـان هەمیشـە ونە...نـە هەبـووە و نـە دەبێت...تەنافـەکان بـە غـەم پێدەکەنـن...

وڵاتی ئێمە بەگشتی و، کایەی ڕۆشنبیری بەتایبەتی یەکێکە لە تەنافە تەنیاااکان..

# منداڵ بەرهەمە یان پاشەڕۆ؟

ڕاستییە سادەکە وەك خۆی ماوە: مرۆڤ خۆپەرستە. بەم پێیە منداڵیش دەرکەوتەیەکی تری ئەو خۆپەرستییەیە. منداڵ بەرهەمێك نیە دوای خۆت جێی بهێڵیت. منداڵە پاشەڕۆیەکە و پاش خۆت دایدەنێیت. حەز و ڕابردووی فاشیلی خۆتی تیا دەچێنیت. وێنەی لەدەستچووی خۆتی تیا سەوز دەکەیتەوە. ڕابردووی تیا درووست دەکەیتەوە، نەك ئایندەی لێوە ببینیت. ئەو کلێشەیەی کە منداڵ دەبەستێتەوە بە ئایندەوە، کلێشەیەکی فاشیل و ڕووکەشە. منداڵ هەوڵێکی ترە بۆ گەڕاندنەوەی ڕابردووت. بەدەستهێنانەوەی ئەو چرکانەی کە لە پێچێکی ڕابردوودا بۆ ئەبەد ون بوون.

منداڵ بۆ تۆ گەڕانەوەیە بەناو خۆتدا. خۆتێك کە ئیدی کەوتوویتە پێش خۆتەوە. کەوتویتە دوای پاشەڕۆیەکی زیندووی وەك منداڵەکەتەوە. منداڵ کەوڵ و مۆدیۆمە. لەگەڵیدا دۆنادۆن دەکەیت. دۆنادۆنێك کە خۆت دەتوانیت بینەر بیت. ببینیت ڕۆح و خولیا و زامەکانت لە ناو بوونەوەرێکی چکۆلەتردا لەدایك دەبێتەوە. منداڵ پاشماوەیە نەك بەرهەم. وەك چۆن خۆت پاشەڕۆی باوکت بوویت. ئەو پارچەیەیت کە تەعبیر لە شکستێکی قوڵ و نەبینراو دەکەیت. بەشێکی هەڵکەنراویت کە هەرگیز شوێنەکەی خۆت نادۆزیتەوە: منداڵ لەگەڵ ئێمەدا لەدایك دەبێت، ڕیزبەندییە تەقویمییەکە وەهمە. جەبری زەمانە.

منداڵ، نامەیەکی ئەبەدیی مرۆڤەکانە و هەرگیز ناگاتە جێ...وەك پاشەڕۆکان دووبارە دەبنەوە.

# له (ى) مراوييەوە بۆ (ى) ئايدۆلۆژى:

پيتـى (ى) مـراوى تەنيا فۆرمێكـى پەتـى نيـە، وەك ئـەوەى لـە سـەرەتاى منالْييـەوە فێـر دەكرايـن. حەرفێـك نيـە وێنەيەكـى ڕووت درووسـت بـكات. ئـەم پيتـە دەچێتە زۆر وشـە و دەيكاتە وشـەيەكى ئايدۆلـۆژى: وەك وشـەى ئيسـلام و ئيسـلامى، جـەلال و جەلالـى.

لـە منالْيـدا شـتەكان پـتر فۆرمـن. ماناكانيـان ڕوون نيـە. ئەلفبـاى كـوردى بريتـى بـوو لـە زنجيرەيـەك فۆرمـى ڕووت كـە نەماندەزانـى ئاوسـن بـە چـى. چييـان لـە پشـت ڕووخسـارى سـادەى خۆيانـەوە شـاردۆتەوە. بـە مانايەكـى تـر، نەماندەزانـى پيتـەكان دەمامكـن. بوونـەوەرى بێدەنگـى نـاو كتێبـى قوتابخانـە نيـن. شـكڵى پێچاوپێـچ و وێنەيـى نيـن. نوێنـەرى هـەزاران تارمايـى تـرن.

ئـەودەم فـۆرم و نـاوەڕۆك يەكێـك بـوون. پيتەكـە شـتەكە بـوو. «ى» بريتـى بـوو لـە خـودى مراوييەكـە. گەرچـى لـە لايـەن مامۆسـتاوە «ى»وەك نيشـانە و لێكچوونێـك دادەنـرا لەگـەڵ مراويـدا، بـەلام بـۆ منـاڵ توانـەوەى فـۆرم و نـاوەڕۆك بـوون لـە يـەك كاتـدا.

ئـەودەم «مانـا و بەهـا» نرخـى زۆرى نەبـوو، پيـت لـە پێنـاوى پيتـدا بـوو، هيـچ خـۆى مانا و بەها بـوو، زمـان خـۆى كـردە بـوو: نيهيلێزمێكـى خۆڕسـك و پێشـوەخت!

دونيا ئەودەم پڕ بوو له مراويى بێ ڕيش..

# نامەیەکی شاراوە:

لـە خانـووی کرێـدام. هـی پیرەمێـرد و پیرەژنێـك. کرێنشـینەکان بەگشـتی لـە ناشـوێندان. هەمیشـە لـە پێگـەی کەسـێکدان کـە نامەیەکیـان بـۆ بێـت و بیکەنـەوە و بڕیـاری مانـەوە و ڕۆیشـتن وەربگرن. شـەوی ڕابـردوو پیرەژنـی خـاوەن خانـوو کۆمەڵێکـی زۆر شـمەکی نـاو ماڵـی پێـدام. بەخشـندەیی نەبـوو. نامەیـەك بـوو. وەك ئـەوەی بڵێـت: بمێنـەوە. بڕیـاری هێشـتنەوە بـە قسـە قێزەونـتر و ناخۆشـترە بـۆ سـایکۆلۆژیای مـرۆڤ. خـاوەن خانـووەکان بەگشـتی وەهـان...

ئەو لە ڕێگەی هەندێك حاجەتی ناو ماڵەوە، نامەیەکی پێدام.

# ڕەشەبای ئەم شێتییە لە کوێوە دێت؟

١.ئیسـلامییەکانی دونیـا، ڕەنگـە بتوانـن بـە بـێ خـودا بژیـن بـەڵام ناتوانـن بەبـێ شـەیتان بژیـن. شـەیتان بـۆ ئـەوان بریتییـە لـە چاڵـی گونـاه. خراپـە و تاوانەکانـی زەویـی تـێ فـڕێ دەدەن. ئـەوەی بـە شـەیتان دەکرێـت بـە خوداکـەی خۆیـان ناکرێـت. وەك لـە لۆژیکـی خۆیانـدا دەردەکەوێـت: خوداکەیـان لـەوە بچوکـترە بتوانێـت خراپـەش لـە خۆیـدا کۆبکاتـەوە، هـەر ئەمەشـە ئەفسـانەی عەلمانیەتـی لای ئـەوان درووسـت کـردووە.؛ ئەوێکـی تـری گریمانەییـان خەڵـق کـردووە و تیربارانـی دەکـەن. ئـەوان شـەیتانیان هێنایـەوە بـۆ زێـدی خـۆی، بـۆ سـەر زەوی. ئـەوان شـەیتانیان پۆشـتە کـردەوە و ناویاننـا عەلمانیـەت. بـەڵام ئایـا هـەر بـە جـددی توانیویانـە شـەیتان درووسـت بکـەن و بیهێننـەوە بـۆ بـەر لوتـی خۆیـان؟ ئەمـە پرسـیارێکی کوشـندەیە و تاکـو مردنـی خـودای ئیسـلامییەکان تەمەنـی درێـژ دەبێتـەوە..؛

٢. هەڵەیـەك لـە شوناسـی خـودای ئیسـلامییەکاندا هەیـە و کار لـە کار تـرازاوە. بـۆ چاککردنـەوەی. دەبـوو خـودای ئیسـلام بـە موتڵەقـی شـەیتان نەخاتـە دەرەوەی خـۆی. ئـەم شـێتبوونەی ئیسـلامییەکان لێرەوەیـە و پێـی نازانـن. کـە شـەیتان هاتـە دەرەوە ، ئیـدی هـەر ڕۆژگارە و فۆرمێکـی وەرگرتـووە؛ هیـچ ڕۆژگارێکیـش نەتوانـراوە شـەیتان وەك شـەیتان ببینرێـت و بسـەلمێت. گـەر شـەیتان وەك ڕەمـزی خراپـەی موتڵـەق بینـرا، ئیـدی ڕۆحـی ئیسـلامییەکانیش ئـارام دەبێتـەوە؛ ئـەم ناکۆکییـەی تیۆلۆژیـای ئیسـلامی کێشـەیەکی ئەبەدیـی بـۆ دینـدارەکان درووسـت کـردووە، خـودا هێمـای چاکـەی موتڵـەق و شـەیتانیش هێمـای خراپـەی موتڵەقـە.؛ هەڵشـاخان بـە زاراوەی عەلمانیەتـدا هەڵشـاخانە بـەو ناکۆکییـە کوشـندەیەدا کـە شـەیتانی موتڵـەق درووسـت ناکرێـت. تەنانـەت گـەر عەلمانیەکانیـش بیانەوێـت شـەیتانێکی موتڵـەق لـە خۆیـان درووسـت بکـەن هـەر ناتوانـن. ئەمـە ئـەو خاڵەیـە کـە دەکرێـت هـەزاران مـرۆڤ شـێت و سـەرگەردانی ڕۆحـی و عەقڵـی بـکات لـە نـاو دینەکانـدا.

شەیتانسازی هونەرێکی وردی دەوێت..

# خێزان: شاردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات له ستاتیکادا؟

نـاو لـه کـوڕ و کچه‌کانـی خانـه‌واده ده‌نرێـت. زۆرجـار هـه‌وڵ ده‌درێـت نـاوه‌کان کێـش و سـه‌روایان هه‌بێــت. وه‌زن و قافیه‌یه‌کــی نزیکیــان هه‌بێــت. کچــه‌کان ناوده‌نرێــن ئاڵا-ســکاڵا/ شــێنێ-زینێ/ چیمه‌ن-دیمه‌ن...هتـد. کوڕه‌کانیــش له‌ســه‌ر هه‌مــان ڕیتــم: دانا-زانــا/ جه‌ماڵ-که‌ماڵ...هتـد. زۆرجــار ئــه‌م مۆســیقایه بــه جرێــی دی داده‌ڕێژرێتــه‌وه؛ هادی-مه‌هــدی/ محه‌مه‌د-ئه‌حمــه‌د/ شه‌یما-شــه‌هلا...

جووتکردنی ئه‌م ناوانه بۆ؟

پێـم وایـه بـه‌ده‌ر لـه نیازێکـی سـتاتیکی، هه‌وڵێکیشـه بـۆ ڕێکخسـتنه‌وه‌ی ده‌سـه‌ڵات. لـه‌م خاڵـه‌دا جوانـی و زه‌بـر یه‌کـتری ده‌بـڕن. مۆسـیقای نـاوه‌کان، جـۆره دڵنیایـی و ڕێکخسـتنێکیش پیشـان ده‌دات، دایـك و بـاوك به‌گشـتی ده‌یانه‌وێـت ده‌سـه‌ڵاتی خۆیـان بـه مۆسـیقاوه ببیسـتنه‌وه، ده‌یانه‌وێـت ڕوونـتر یه‌که‌کانـی نـاو ماڵه‌که‌یـان پۆلێـن بکـه‌ن: ڕێکـــــخستن!

ڕێکخسـتن ئـه‌و وشـه‌یه‌یه کـه سـتاتیکا و ده‌سـه‌ڵات هێـدی هێـدی لـه یه‌کـتردا ده‌شـارێته‌وه: لـه ناولێنانـی مناڵه‌کانـدا ئـه‌م وشـه‌یه ئیشـی خـۆی ده‌کات: بـا نـاوی مناڵـه‌کان ڕێـك بێـت...

گـه‌ر لـه پرۆسـه‌ی ناونـان وردبینـه‌وه لـه ده‌سـه‌ڵاته تۆتالیتاره‌کانـدا، هه‌مـان میکانیـزم لـه ژێـره‌وه کاری خـۆی ده‌کات: ڕێکخسـتنه‌کانی...و....و..

خانه‌واده ده‌قێکی ستاتیکی و زمانه‌وانییه له که‌وڵی نیزامێکی مانایی و ده‌سه‌ڵات-ئاسادا.

# سلێمانی:

سلێمانی شارێکی ڕەش و ڕووتە، ڕەش و ڕووت بە زۆر فۆرم و بە زۆر ڕووکاردا.
ئـەو سـیفەتانەی دەدرێتـە پـاڵ سـلێمانی بـە تـەواوی هـی سـلێمانی خـۆی نیـە، کەمتـازۆر وزەی ناوچەکانـی تریـش بـۆ خـۆی هەڵدەمژێـت. وەك سـەنتەرێك خـۆی پیشـان دەدات بـۆ ئـەوەی ئـەو متمانـە مەعنـەوی و ڕەمزییـە بباتـەوە کـە شـوێنەکانی تـر نیانـە و هێـزی ئەوانـی تریـش لـە خۆیـدا ئیدغـام بـکات، تێهەڵکێشـی بـکات.
ژیـژەك بـاس لـە بێرترانـد ڕاسـڵ دەکات کـە کەسـێکی شـاد و تەندرووسـت بـووە، ئـەم شـادییەی ڕاسـڵ هـی خـۆی نەبـووە، بەڵکـو هەڵمژینـی ڕەمزیـی ژیانـی کەسـەکانی دەوروبـەری بـووە، لـە خانـەوادەی ڕاسـڵدا زۆرێـك خۆیـان دەکـوژن و غەمگینـن و شـێت دەبـن. ڕاسڵ ڕاسـڵ نیـە، خاڵـی چڕبوونـەوەی وزەکانـی ئەوانـی تـرە، مژینـی ژیانـی ئەوانـە لـە فۆرمـە نەبینراوەکەیـدا.
سـلێمانی هەرگیـز سـلێمانییەکی پەتـی نیـە، بەشـێکی گیـرۆدەی ئـەو وێنایەیـە بـۆی کـراوە و ناچـارە ڕایکێشـێت، بەشێکیشـی کەڵەکەبوونـی ئـەو گاقـە سـیمبوڵییەیە کـە دزەی کردۆتـە نـاوی و هـی خـۆی نیـە.
ئیگـۆی خەڵکەکـەی لەسـەرەوەیە، بەلاغەتەکـەی پشتاوپشـتی کـردووە، موحافیزکارییەکـی شـاراوە و نوسـتوو ئیشـی خـۆی دەکات.
سلێمانی بوونی نیە، بە تەعبیرە لاکانییەکەی.

# غوربەتی ناو کتێب:

غەریبیـی نـاو کتێـب فۆرمێکـی سـەیری غەریبییـە، بـە نـاو هـەزاران دێـڕ و پەرەگرافـدا دەڕۆیـن و تەنیایـن، ناوەسـتین و بلێیـن ئێمـە لـەم خەتـە پێچاوپێچانـەدا چـی دەکەیـن. لـەو چرکانـەدا کـەس ئـاگای لە ئێمـە نیـە، کـەس درك بـەوە نـاکات لـە توێـی کام ڕسـتەدا ڕێ دەکەیـن، خۆشەویسـتەکانمان لـەو جوگرافیـا کپـەدا هەرگیـز نابینیـن. ئێمـە لـە نـاو کتێبـدا غەریبیـن. هەمیشـە سـەفەرێکی تاقانەیـە، هەرگیـز دەنگێـك لـەو گۆڕسـتانە بزۆکـەوە نایەت...هەرگیـز...

ئـەم غوربەتـە لـە سـاتەوەختی عەشـقدا چەندقـات دەبێتـەوە، تـۆ هەمیشـە تەنیایـت، ژن هەرگیـز بـەو دێڕانـەدا نایـەت کـە دەیپێویـت، کتێبـەکان سـامناکترین ڕووبـەری دونیـان، قەبـری وشـەن، دونیایـان قـووت داوە، کتێبـەکان پـڕن لـەو تەرمانـەی کـە بـە گوزارشـتی ژیـژەك نایانەوێـت بمرن...ئـەو تەرمانـەی کـە نایانەوێـت بمـرن..

تۆ دەخوێنیتەوە، تۆ غەریبیت، تۆ موراجەعەی تەنیایی خۆت دەکەیت.

# پارە...

ئێمـە ناتوانیـن بـە ئاسانی پـارەی ڕووت بدەینـە ئەوانـی تـر، تەنیـا لـە سـاتەوەختی سـواڵدا نەبێت. ناتوانیـن پارچەیـەك لـە دونیـا بـە داگیرکـراوی بخەینـە چنگـی ئەوانـی تـرەوە. بـەڵام هـاوکات دەتوانیـن شـتێك ببەخشـینەوە کـە نرخەکـەی لـە پـارەی ڕووت زیاتـر بێـت. دەتوانیـن دیـاری و شـمەکی گـەورە ببەخشـینەوە، بـێ ئـەوەی هەسـتی قێزەونـی گونـاه دامانبگرێتـەوە. پـارەی ڕووت سـایکۆلۆژیایەکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. کـە بـوو بـە شـمەك ڕووی خـۆی دەگۆڕێـت.

له نوسینێکی کورتەوە، بەم زووانە دەربارەی -فەنتازیای پارە-

# وێنەیەکی دۆزراوە:




ئەمڕۆ ئـەم وێنەیـە سـەرنجی ڕاکێشـام. گـۆران نامیقـی هاوڕێـم وێنەکـەی گـرت. ئەمـە بەشـێکە لـە چاوەڕوانیـی هاتنـی تەرمەکـەی شـێرکۆ. بـەڵام ئایـا بەشـێك بـوو لـە چاوەڕوانییەکـە؟ ئەمـە پرسـیارەکە نیـە. ئاشـکرایە کـە وێنـەکان بـۆ خۆیـان دەقـی سـەربەخۆن. ئـەم وێنەیـەی خـوارەوەش دەقێکـە و دەتوانیـت هەڵـی بگریـت بـۆ سـیاق و سـەردەمێکی تـر و کۆدەکانـی بکەیتـەوە.
هاتنـی کۆمەڵێـك سیاسـیی جیـاواز بـۆ پرسـەی شـاعیرێك. سیاسـییەکان بـە تـەواوی ئـاگادار نیـن کام سیاسـیی تـر دێـت بـۆ پرسـەکە و کێـش نایـەت. لـە بـەردەم دەزگای سـەردەمدا، بـە پیاسـە و گۆشـەی چاو یەکـتری کەشـف دەکـەن. دوو قسـە و سێ موجامەلـە. بەڕێکەوتنیـان بـۆ نـاو نمایـش

و چـاوی کامێـرا. وەك وشـەکان دەچنـە تەنیشـتی یـەك و ڕسـتەیەك و تێکسـتێك درووسـت دەکـەن. ئـەو ڕسـتانە چـی دەڵێـن؟

١١. ڕیزێـك کـەس، واتـە ڕیزێـك وشـە. ڕیزێـك وشـەش دەتوانێـت ڕسـتە و دەسـتەواژە و ئیدیـۆم درووسـت بـکات. گـەر کۆمیـدی نەبێـت، ئـەوا لـەم فۆتۆیـەدا ئـەم ڕسـتەیەم بەرچـاو دەکەوێـت: نـم ستیاسـە بوریئـا قـڕ وێئـە. ڕسـتەکەش خەبەرییـە...

٢٢. دەبێـت ئـەدەب بـە سیاسـی بکرێـت. گەرنـا ئێمـە دەچینـە تەنیشـتی یەکـتر و خۆمـان جیـا دەکەینـەوە و «پەڵەیەکـی سیاسـی» دەخەینـە وێنەکـەوە.

٣٣. سیاسـییەکان ناتوانـن دوژمنـی یەکـتر نەبـن. هەمـوو کۆکبوونێکـی ئـەوان لـە مەجـاز و میتافۆرێکـی ئەدەبـی تێناپەڕێـت. مەراسـیمێکی ئەدەبـی و ماتەمینیـی وەك مردنـی شـێرکۆ باشـترین شـوێنی پیادەکردنـی ئـەو مەجـازە بـوو.

٤٤. ئـەوان شـتی تـر دێنـن بـۆ پرسـە. یەکێك دێـت تاکـو سـۆزی کۆسـتکەوتووەکان بکڕێـت. یەکێکی تـر کوڕەکـەی نمایـش دەکات. یەکێکـی تـر دێـت بـۆ ئـەوەی لـەزەت لـەو فشـەیە وەربگرێـت کـە ئـەوان هێنـدەش ڕەقیبـی شـیعر نیـن. ئـەوی تـر سـێبەرەکەی دەئاڵێنێـت بـە سـێبەری سـەرمایەدارێکدا...

٥. بـزەی هونەرمەندێـك، چپـەی بێژەرێکـی تەلەفزیۆنـی، نیـگای لوتبەرزانـەی ئەندامێکـی ئۆپۆزسـیۆن: ڕوونـتر بڵێیـن (پرسـەکان شـوێنی نمایشـن. مردووەکـە تەرمـی خـۆی نمایـش دەکات بـۆ ئـەوەی هـەزاران جوڵـە و ژێسـت و نمایشـی تـر بخاتـە گـەڕ. لـە بنەڕەتـدا، پرسـە و مردنـی کەسـێك واتـە بانگهێشـتی ئێمـە بـۆ نمایـش. مـردووەکان پێویسـتیان بـە کـەس نیـە. ئـەوە ئێمەیـن دوایـان دەکەویـن بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر بچینـە نمایشـێکی تـرەوە).

٦٦. وەسـتانەکە ڕوو لـە خەڵکـە. شـوێنەکەش هەمـان ئاراسـتەی هەیـە. وتارێکـی کـپ دەگوزەرێـت. خەڵکەکـە ڕۆڵـی باگراوەنـد و جەمـاوەر دەبینـن. لـە چوارچێـوەی زەخرەفـەدار دەچێـت. خەیاڵـی وەسـتاوەکان لـە جەسـتەیان تـرازاوە: جەسـتەیان بەرگـەی ئـەو هەمـوو کـۆد و خەیـاڵ و نمایشـە ناگرێـت.

٧٧. شـێرکۆ کەوتۆتـە کوێـی ئـەم فۆتۆیـەوە؟ پێشـتر وتـم فۆتـۆکان بەشـێکیان بەتاڵـن، لێرەشـدا شـێرکۆ کەوتۆتـە بەشـی بەتاڵیـی فۆتۆکـەوە. هەرچەنـد بگەڕێـی شـێرکۆ نادۆزیتـەوە، بـەڵام لـەو بۆشـاییەی فۆتۆکـە دەتوانیـت شـێرکۆیەك درووسـت بکەیـت: شـێرکۆ درووسـت دەکرێتـەوە...

# ئیمزا:

ئیمــزا کردەیەکــی ڕەمزییــە، ئــەو کردەیــەی گــەر تەرجەمــەی بکەیــت بــۆ واقیــع ئــەوا لــە کردەوەکـە گرنگـترە؛ مـن لـە واقیعـدا شـتێکم قبـوڵ کـردووە و پێویسـتە لـە فەنتازیاشـدا پشتڕاسـتی بکەمـەوە؛ مـن ئیمـزا دەکـەم، مـن کردەوەیـەك لـە واقیعـەوە دەگوازمـەوە بـۆ نـاو فەنتازیـام؛ هەموومـان بـە جۆرێـك ئەدیبیـن!

ئیمـزا فیگەرێکـە لـە دیـوە فەنتازیاکـەی زمـان، نابێتـە پیـت و ڕسـتە و گـوزارە، نایەوێـت ببێتـە وێنـەی تەواویـش، ئیمـزا وێنـە نیـە وێنایـە؛ گرێدانـەوەی وشـەیە بـە وێنـەوە، بەسـتنەوەی کردەیـە بـە کۆتایـی و کەماڵـی خۆیـەوە لـە فەنتازیامانـدا.

تۆ ئیمزا دەکەیت، تۆ پەنجەیەکت لە خەیاڵتدایە

# تەئویلی ئێسقانەکان!

هەمیشــە پێــمان وایــە کەســەکانمان بــە «ناوەختــی» دەمــرن. ئــەم ناوەختییــە، لەوێــوە دێــت کــە نەمانتوانیــوە بگەینــە نــاو هەمــوو خانەکانــی ئــەو کەســە، نــاو خەیــاڵ و وردەکارییەکانــی، نــاو کــۆد و ئامــاژە تاریکەکانــی. ئێمــە لــەوە گەمژەتریــن کــە تێبگەیــن: مرۆڤــەکان هەمیشــە بــە ناوەخــت دەمــرن!

کەســایەتییەك دەمرێــت. هەواڵەکــەی لــە چرکــەی یەکەمــدا نامۆیــە. چرکەکانــی دواتــر ئاســایی دەبنــەوە. شــین و شــیوەن، فۆرمــی زیاتــر و زۆرتــر وەردەگرێــت. هەواڵەکە سســت دەبێــت. مردنەکە دەمرێــت. بــە فشــار و نیــگای هەمــوان، کەســەکە لــە ســاحەی ڕەمــزی وەدەردەنرێــت. تەعــزێ ئــەم فشــارە لــە پانتایــی کۆمەڵایەتیــدا دەگەیەنێتــە دواییــن ڕادەی خــۆی. بەیاننامــەی کۆتایــی بــە فەنتازیــای هەموانــدا پەخــش دەکرێــت. یادەوەرییــەکان لــە جەســتەی مردووەکــە دادەماڵرێــت. قەبرەکــەی دەبێتــە دوانامــەی ئــەو بــۆ ئێمــە. قەبــر، واتــە ئەمــە دوا تەفســیری منــە، ئەمــە ئــەو میتۆدەیــە کــە جەســتەم تەئویــل دەکات. پــاش هەمــوو تەئویلــەکان شــتێك دەمێنێتــەوە و تەئویــل ناکرێت...ئــەو شــتە ڕێــك لــە ئێســقانی مــردووەکان دەچێــت!

ڕەنگــە دواجــار قســەی ئێمــە دەرهــەق بــە قەبــری هاوڕێکانمــان ئەمــە بێــت: تــۆش وەك ئێمەیــت، تــۆش گۆشــتی ســەر لەشــی هاوڕێکانمــان هەڵدەکۆڵیــت و ناگەیتــە ســەر دوا مانــا. ئێســقانەکان هەوڵێکــن بــۆ ئــەوەی سرووشــت/کەلتور، یــان خۆڵ/مانــا لاڵ بکــەن...

ئێسقانەکان جێی ستایشن.

# ناوی دووه‌م

هـه‌ر شـتێك زیـاد لـه‌ «یـه‌ك» نـاوی پێویسـته‌. ئـه‌و شـتانه‌ی كـه‌ بـه‌ ڕواڵه‌تـدا یـه‌ك ناویـان هه‌یـه‌، لـه‌ سـاته‌وه‌ختێكی تـردا ناوێكـی تـر و زیاتریـش وه‌رده‌گـرن. ڕه‌نگـه‌ یه‌كێـك لـه‌ مه‌رامه‌كانـی ناولێنان بریتـی بێـت لـه‌ كۆنـترۆڵ كردنـی ده‌لالیـی ئـه‌و شـته‌. واتـه‌ ده‌بێـت لـه‌ نـاو زمانـدا خاڵێـك هه‌بێت و نوێنـه‌ری ده‌ره‌وه‌ی شـتێك یاخـود كه‌سـێك بێـت. له‌م سـتونه‌ چكۆڵه‌یه‌دا له‌سـه‌ر دیـارده‌ی «وه‌رگرتنی نـاوی دووه‌م» ده‌وه‌سـتین لـه‌ ئاڵوگـۆڕی عاشـقانه‌دا. ئـه‌و حاڵه‌تـه‌ی كـه‌ یه‌كێـك لـه‌ جه‌مسـه‌ره‌كانی په‌یوه‌ندیـی عاشـقانه‌، ناوێكـی تـازه‌ وه‌رده‌گرێـت. مه‌به‌سـتم ئـه‌و نـاوی دووه‌مه‌یـه‌ كـه‌ كوڕێـك لـه‌ كچێكـی ده‌نێـت، یـان بـه‌ پێچه‌وانـه‌وه‌ (نونـو، هه‌ناسـه‌، هه‌نـه‌، شـێته‌، گوڵـی، قوبانی-لـه‌ كه‌لتـوری ئێمه‌دا..هتـد). ئـه‌م نـاوه‌ی دووه‌م، جۆرێكـه‌ لـه‌ خولقاندنـه‌وه‌ی به‌رامبـه‌ر. ده‌بێـت لـه‌ هه‌نـاوی په‌یوه‌ندییه‌كـه‌وه‌، كه‌سـه‌كان و به‌شـێك لـه‌ شـته‌كانیش نـاو و ده‌لاله‌تـی نـوێ وه‌ربگـرن. ئـه‌م پرۆسـه‌یه‌ لانیكـه‌م به‌رهه‌مـی نه‌سـتی یه‌كێـك لـه‌و دووانه‌یـه‌. واتـه‌ لـه‌ نه‌سـتی عاشق/مه‌عشـوقدا ده‌بێـت لـه‌ ڕێگـه‌ی ناوێكـی تـازه‌وه‌ ئـه‌وی تـر بكه‌یتـه‌وه‌ بـه‌ موڵكـی خـۆت و حه‌ره‌مـی خـۆت. نـاوه‌ تازه‌كـه‌ ڕه‌هه‌ندێكـی پیرۆزانـه‌ و نهێنـی و كۆدئاسـای هه‌یـه‌. تاكـه‌ ناوێكـه‌ كـه‌ لـه‌ نێـوان دوو كه‌سـدا ئاڵوگـۆڕ بكرێـت. سـنوری بێژه‌ره‌كانـی بچوكـن. نابێـت ئه‌وانـی تـر ئـه‌م نـاوه‌ گـۆ بكـه‌ن. ئه‌وانـی تـر ناتوانـن ڕاسـته‌وخۆ هیـچ ناوێـك پێشـنیار بكـه‌ن. بـه‌ پێچه‌وانـه‌ی ناولێنانـی مناڵـه‌وه‌، كـه‌ ئه‌وانـی تـر پێشـنیار و به‌شـداریی خۆیانیـان هه‌یـه‌. ناولێنانـه‌وه‌ لێـره‌دا واتـه‌ هه‌وڵـدان بـۆ كه‌شـف و دۆزینـه‌وه‌ی نوێـی ئـه‌وی تـر. هه‌میشـه‌ نـاوی دووه‌م پـاش ماوه‌یـه‌ك درووسـت ده‌بێـت. ده‌بێـت به‌شـێك لـه‌ ئاڵوگـۆڕی عاشـقانه‌ تێپه‌ڕێـت و زه‌روره‌تـی ناوێـك بسـازێنێت: ماوه‌یـه‌ك تێپه‌ڕیـوه‌ و ئـه‌م ئاڵوگـۆڕه‌ ناوێكـی نه‌بـوو، ئێسـتا ناوێـك پێویسـته‌!

ئـه‌م نـاوه‌ پێـش ئـه‌وه‌ی لـه‌ سـوبێكت بنرێـت، لـه‌ دۆخه‌كـه‌ ده‌نرێـت. واتـه‌ تـا ئـه‌و ده‌مـه‌ی په‌یوه‌ندییه‌كـه‌ هه‌بێـت، ناوه‌كـه‌ش وه‌ك شـایه‌تێك هه‌یـه‌. گـه‌ر په‌یوه‌ندییه‌كـه‌ پچـڕا، ناوه‌كـه‌ش ون

دەبێـت. لێرەوەیـە کـە ناولێنـان هێنـدەی بـۆ بارودۆخێـك دەسـت دەدات، هێنـدە بـۆ مرۆڤێـك دەست نـادات. مرۆڤـەکان بـە شـێوەیەکی ناوەکـی و شـاراوە و بـە پێـی دۆخـەکان نـاوی جیـاواز وەردەگـرن، گەرچـی لـە ڕواڵەتـدا ئەمـە ڕوونـادات: مـرۆڤ هەرگیـز تاکـە ڕووداوێـك نیـە، یـەك بـارودۆخ نیـە هەمیشـە وەك خـۆی بمێنێتـەوە.

نـاوی دووەم ، لـە ڕاسـتیدا نـاوی دووەم نیـە. وشـەیەك نیـە لـە قەبـارە و زەمـەن و ناسـیندا ببێتـە ناوێکـی تـر. نـاوی دووەم جۆرێکـە قەرەبووکردنـی شـتی نەگوتـراو و کۆنترۆڵنەکـراو. لـە هـەر پەیوەنـدی و ئاڵوگۆڕێکـدا شـتێك هەیـە و هەڵدێـت. نـە لـە ڕووی زەمەنییـەوە فریـای گرتنـی دەکەویـن، نـە لـە ڕووی لۆژیکییشـەوە. نـاوی دووەم واتـە: کۆتایـی بـۆ ئێمەیـە. سـەرەتاش کـە لـە ژێـر نـاوی یەکەمـدا خـۆی شـاردۆتەوە، بـە نـاوی دووەمـدا بەدەسـتی دێنینـەوە. نـاوی دووەمـی یـار، هەوڵێکـە بـۆ ئەزموونکردنـەوەی ئەفسـانەی نیـگای یەکـەم!

# دیوی ئایدۆلۆژیی ئاوه‌ڵناوه‌كان:

ئاوه‌ڵنـاو بـه‌ ساده‌یی ئـاوه‌ڵ و هـاوه‌ڵ و هاوڕێـی نـاوه‌ لـه‌ ڕسـته‌دا، سـیفه‌تێكه‌ و ده‌چێتـه‌ پـاڵ ناوێـك و شـتێك و كه‌سـێك تاكـو به‌هـای بداتـێ. تاكـو پێناسـه‌ی بـكات، زانیاریـی پێـوه‌ بلكێنێـت.
ئاوه‌ڵنـاوه‌كان زۆرن، هه‌ندێكیـان كه‌مـتر ئایدۆلۆژییـن، واتـه‌ كه‌مـتر جێـی به‌هادانـان و نیه‌تـداری و مه‌رامیـان تیـا ده‌بێتـه‌وه‌؛ هه‌شـیانه‌ زووتـر ده‌بێتـه‌ وشـه‌یه‌كی ئایدۆلـۆژی.، وه‌كـو گـه‌وره‌، لاواز، بـاڵا، خـراپ، پـاك، پیـرۆز، درۆزن...
ئـه‌و ئاوه‌ڵناوانـه‌م خـۆش ده‌وێـت كـه‌ پـتر بێلایه‌نـن، كه‌مـتر ده‌بنـه‌ سـیفه‌ت، كـه‌ ده‌شـبنه‌ سـیفه‌ت دوو ڕووكاریـان هه‌یـه‌ و بـۆ بـاش و خراپیـش بـه‌كار دێـن، وه‌كـو چـالاك. بـۆ نمونـه‌: ئـه‌و لـه‌ سـته‌مدا چالاكـه‌، ئـه‌و لـه‌ هاوكاریـدا چالاكـه‌...، هتـد...
ئاوه‌ڵنـاوه‌كان زۆر زوو ده‌بنـه‌ وشـه‌یه‌كی ئایدۆلـۆژی، بـه‌ڵام پلـه‌ و ڕێژه‌یـان هه‌یـه‌، هه‌یانـه‌ به‌ته‌نیـا پێناسـه‌یه‌كی ڕه‌هـا ده‌داتـه‌ پـاڵ شـتێك و هه‌شـیانه‌ بـه‌ ئاسـانی نابێتـه‌ سـیفه‌ت و نـرخ بـۆ هیـچ نـاو و كه‌سـێك...
ئاوه‌ڵناوه‌كان وشه‌ گوناهباره‌كانی ناو زمانن...

# ١. ئێسقانەکەی ڕۆلان بارت:

ڕۆلان بـارت لـه پارچەیەکـی ژیاننامەکـەی خۆیـدا، بـاس لـەو پارچـه ئێسـقانەی پەراسـووی دەکات کـه دکتـۆرەکان دەیخەنــه دەستەسـڕێکەوە و دەیدەنــەوە:؛ ڕۆژگاری پـاش نەشـتەرگەرییەکە نازانێـت چـی لـەو پارچـه ئێسـقانه بـکات، دەترسـێت فڕێـی بـدات نەکـو شـتێکی لـێ بقەومێـت، ناتوانێـت بەشـیك لـه جەسـتەی خـۆی دوور بخاتـەوە، هـەم جێـی ترسـانه و هـەم پیرۆزیشـه، دواتــر دەیخاتــه چەکمەجەکـەی ماڵـەوە، دەیخاتــه نــاو شـمەکەکانەوە، لەوێـش دەریدەهێنێـت و پێـی وایـه چەکمەجـەکان قەبرسـتان و پێشـزەمینەی مردنـی شـمەکانن، پاشـان ناشـوێرێت بیخاتــه تەنەکـەی زباڵەکـەوە، ئـەو دەرگیـری جەسـتەی خۆیەتـی، جەسـته لـه فیکـری ڕۆلان بارتــدا وشـەیەکی سـەنتراڵە، هەڵگـری ئامـاژەی زۆرە:؛

سـەرەنجام بـه هەمـان پارچـه پەڕۆوە فڕێـی دەداتـه سـەر شـەقامی -سراڤادۆنـی-. خـۆی دەڵێـت: وام هەسـت دەکـرد خەریکـم بـه شـێوەیەکی ڕۆمانسـی خۆڵەمێشـەکەی خۆمـم پـەرش و بـڵاو دەکـردەوە)؛ دیارە دواتـر سـەگێك دەهـات و بۆنـی پێـوە دەکـرد و دەیدۆزییـەوە..:؛

سـەرەنجام ئـەم زیادەیـه چـارە دەکرێـت، دەتوانیـت هەڵـی بدەیـت بـۆ نـاو سرووشـت، بـۆ نـاو قەپاڵـی جانـەوەران، ئـەوەی سـەختە ئـەم زیادەیـەی دووەمـە:، یـادەوەری...

٢. هەمووـمـان بەدەسـت ئـەو ئەرشـیفه فەنتازییـەی خۆمانـەوە دەناڵێنیـن کـه پێـی دەوترێـت: یـادەوەری. وەك بڵێـی ئێمـه بـه بەگـدا و بـه پشـتدا دەڕۆیـن بـەرەو ئاینـدە، وەك بڵێـی هەمـوو ژیـان دەگـۆڕیـن بـۆ یـادەوەری و ئیـدی ژان و لەزەتـی لـێ وەردەگریـن.

دیـارە هەمـوو لەسـەر ئـەوە کۆکـن کـه یادەوەرییـەکان لـه ڕابـردوودان، دەکەونـه شـوێنێکەوە کـه ئیـدی ناگیرێـن.

گـەر بمانەوێـت لـەم ژان و ئـازارە ڕزگار بیـن، چـی بکەیـن؟ چـۆن شـوێنی یادەوەرییـەکان بگۆڕیـن؟ ئەمـه پرسـیارێکی هێجـگار فەنتـازی و قورسـه، لـه گرتنـی سـێبەر دەچیت...لـه گرتنـی

ئێســقان زۆر قورســترە؛ لــە فڕێدانــی لــەش و ئەندامــی خــۆت جەهەنمیــترە؛
تــۆ دەتەوێــت یادەوەرییەکانــت بکەیتــە ئێســقان و فڕێــی بدەیــت، تــۆ ناتوانێــت، تــۆ هــەوڵ بــدە یادەوەرییەکانــت مــادی بکەیتــەوە، لــە گۆشــت و ئێســکدا چــڕی بکــەوە، تاکــو نەیکەیتــە ئیســك ناگیرێــت، لەمــس ناکرێــت.
تــۆ یادەوەرییەکانــت بکــە ئێســقان، بــەڵام مەیســوتێنە و مەیکــوژە، تــۆ بــە هــۆی یادەوەرییــەوە مەمــرە!،!!!

# ئێمەی نیوە مرۆڤ؟

مێـژوو بەگشـتی بـاس لـە جـۆرە گیانەوەرێـك دەكات کـە نیـوەی مرۆڤـە و نیوەکـەی تریشـی شـتێکی تـر. ئـەم باسـکردنە ڕیشـەکەی ئەفسـانەیی بێـت یـان نـا، لـە بایەخـی ئـەو باسـە کـەم ناکاتـەوە کـە ئـەو وێنەیـە بـۆ مـرۆڤ نامـۆ نیـە. خەیاڵـی مـرۆڤ هەمیشـە پـڕ بـووە لـەو جـۆرە گیانەوەرانـە. واتـە مـرۆڤ هەمیشـە لـە خەیاڵـی دەرچوونـدا بـووە لـە خـۆی. بـەردەوام ویسـتوویەتی خـۆی بـەراورد بـکات بـە سـەرەوەی خـۆی و خـوارەوەی خـۆی. لـەم خەیاڵاتـەوە جارێـك خـۆی بـە نیوەخـودا و جارێکیـش خـۆی بـە نیوە-ئـاژەڵ وێنـا کـردووە. ئـەم خۆبەراوردکردنـە تەنیـا سـەر و ڕووخسـاری نەگرتۆتـەوە، بەڵکـو ناوەوەیشـی گرتۆتـەوە. تەنانـەت کاتـی خـۆی ئەرسـتۆ وتوویەتـی مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی تەنیـا بێـت ئـەوا پێویسـتە یـان خـودا بێـت یـان حەیـوان. نیچـەش وەك توانجێـك دەڵێـت مـرۆڤ دەتوانێـت هـەم حەیـوان بێـت و هـەم خـودا، واتـە فەیلەسـوف بێـت. واتـە بەدرێژایـی مێـژوو، ئەسـتەمە مرۆڤێکـی پەتـی و سـاغمان هەبێـت. لانیکـەم ئـەو تەفسـیرە بەردەوامانـەی بـۆ مـرۆڤ کـراوە، مرۆڤـی وەك بوونەوەرێکـی جێگیـر نەهێشـتۆتەوە. جارێـك مـرۆڤ دەکرێتـە گـورگ و جارێکیـش ڕێـوی و شـێر و پشـیلە و ڕۆبـۆت و ماشـێن. گەرچـی ئـەم وشـانە وەك مەجـاز و میتافۆریـش بەکاربێـن، بـەڵام هێشـتا ناتوانـن لـەوە دڵنیامـان بکەنـەوە کـە مـرۆڤ نایەوێـت ببێتـە یەکێـك لـەو ئـاژەڵ و مەکینانـە. یاخـود بەشـێکی ببێتـە هەریـەك لەوانـە.

ئـەم کێشمەکێشـانە هەرگیـز ناگەنـە دۆخـی وەسـتان لـە نـاو مرۆڤـدا. مـرۆڤ بـەردەوام لـە جۆلانـێ و هـەوڵ و هەڵپەدایـە. ئـەم هەوڵانـەی جارێـك لـە ڕێگـەی خەیاڵەوەیـە و جارێکیـش نائاگایانەیـە و لـە بەرهەمهێنـان و شارسـتانیەت و کارکردنـدا ڕەنـگ دەداتـەوە و جارێکیـش لـە هونـەر و ئـەدەب و سیسـتەمە جیاوازەکانـدا. لێـرەدا ئێمـە بـە کورتـی لەسـەر فـۆرم و ڕووی دەرەوەی ئـەم بابەتـە دەوەسـتین. ئـەوەی کـە مـرۆڤ بـە ڕواڵـەت و ڕووی دەرەوە دوو بـەش یـان زیاتـرە. ئـەوەی کـە خـۆی لەگـەڵ گیانەوەرێکـی دەرەکیـدا تێهەڵکێـش دەبێـت. ئـەم مەخلوقانـە هەرجـارە و لـە گۆشـەیەکەوە

ناوێکـی هەبـووە. ئـەم فیگـەرە هێنـدە بـۆ مـرۆڤ ئامادەبـووە و ئامادەیـە کـە دەتوانیـن بڵێیـن بەشـێکە لـە سـتراکتۆری فەنتازیـی مـرۆڤ. ئـەم ڕەنگـە ئـەم فیگـەرە نیـوەی مـرۆڤ بێـت و نیوەکـەی تـری مەخلوقاتـی نامـرۆڤ. نیـوەی بەشـەر بێـت و نیوەشـی خـودا. نیـوەی نێـر بێـت و نیوەشـی مـێ. نیـوەی سـەگ و نیـوەی ئینسـان. واتـە دوو پارچـەی ناکـۆك هـەن و لـە قاڵبێکـی ناکۆکـدا کۆبوونەتـەوە.

ئـەدەب و مێـژووی دێرینـی میللەتـان و حەکایەتـە ئەفسـانەییەکان باسـیان لـەم جـۆرە گیانەوەرانـە کـردووە. گیانەوەرێـك کـە نـە وەك مـرۆڤ دەژمێردرێـت و نـە وەك ئاژەڵیـش. نـە ئەوەیـە دێـو بێت و مامەڵـەی خۆمانـی لەگـەڵ یـەکلا بکەینـەوە و نـە ئەوەشـە مـرۆڤ بێـت و قانیعمان بـکات. هـاوکات هیچیشـیان نیـە، چونکـە بـەردەوام زەینـمان دەجوڵێنێـت بـە دوو لادا. لەشـێك لـە لەشـی باڵنـدە دەچێـت و سەریشـی لـە مـرۆڤ. نیوەیـەك بۆ سـەرەوە ئاژەڵـە و نیوەی خـوارەوەش مـرۆڤ. نیوەیەك ژنـە و نیوەیەکیـش بـزن. تەنانـەت ئەفلاتـون و هیرۆدۆتیـش ئاماژەیـان بـۆ ئـەو جـۆرە گیانەوەرانـە کـردووە. لانیکـەم یەکەمیـان ویسـتوویەتی سـود لـە وزە میتافۆرییەکـەی ئـەم شـێوە گیانەوەرانـە وەربگرێـت و دووەمیـش بـۆ ڕیشـە مێژووییەکانـی گـەڕاوە. ئەمـڕۆش لـە ئەنجامـی زایینـی سـەیرەوە منالانـی سـەیر لەدایـك دەبـن. منالـی دوو سـەر و بـە ڕوالـەت تێکـەڵ و هتـد. ئـەوەی دەمانەوێـت بـە کورتـی بیوروژێنیـن ئەوەیـە کـە مرۆڤـی ئێسـتاش جۆرێکـە لـەو گیانەوەرانـە. ئەمـڕۆ مـرۆڤ بۆتـە بوونەوەرێکـی لـەو جـۆرە. پارچەیەکـی مرۆڤـە و پارچەیەکـی تریشـی نامـرۆڤ. بەشـێکی وەك مرۆڤ ئیـش دەکات و بەشـەکەی تریشـی بۆتـە ئامێرێکـی تـر. کەرتێکـت لـە جنسـێکە و کەرتەکەی تریشـت لـە جنسـێکی تـر. نیـوەت ئـەو مرۆڤەیـە کـە ئیشـی دێریـن و مێژینـەی خـۆی دەکات و بەشـەکەی تریشـی خـۆت نیـت. بەشـێکت گۆشـت و خوێـن و سـۆزە و بەشـەکەی تـرت کائینێکـی میکانیکـی و دڵـڕەق و مەزبوتـە. ئەمـڕۆ بەشـێك لـە زاکیـرەت لـە نێـو مۆبایـل و لاپتۆپەکەتدایـە. بـە شـێوەیەکی ئەبسـتراکت و مەجـازی سـەرت دەخەیتـە نـاو هاردێـك و دەزگایەکـی خەزنکردنـەوە. سـەری تـۆ بـە لەشـی خۆتـەوە نیـە، بەڵکـو بـە جیهازێکـی ترەوەیـە. زانیـاری و بیـرەوەری و چیرۆکەکانـت خسـتۆتە نـاو سـەرێکی غەریبـەوە کـە هـی خـۆت نیـە. تـۆ ئێسـتا لـەو مەخلوقانـە دەچیـت کـە لەشـیان هـی خۆیـان و سەریشـیان هـی مەخلوقێکـی تـر بـوو. تـۆ دەبێـت ئـەو سـەرە تێـر بکەیـت تاکـو دواجـار خۆشـت وەکـو بەشـەکەی تـری تێـر بیـت. ئەمـڕۆ ئـەو کەرتانـەی کـە بـە مرۆڤـەوە نوساون، وەك نیوەیەکـی سـەربەخۆ برسـی و بەتـاڵ و پیـر دەبـن. لـەو دۆخانـەدا دەژیـن کـە مرۆڤـی تیـا دەژی. ئـەم نیـوە بـە نیوەییـە گەیشـتۆتە ئـەو جێیـەی کـە لەچـاوی ئەوانـی تریشـەوە هەسـتی پـێ

بکەیـن. تـۆ ناتوانیـت لـە نـاو فەرمانگـە و کافتریـا و شـوێنی کاردا لاپتۆپێکـت پـێ نەبێـت. لـە نیـگای ئـەوی تـرەوە تـۆ شـتێکت جـێ هێشـتووە، تـۆ نیوەکـەی تـرت بیرچـووە هەڵـی بگریـت. هـەر خـۆت پێـت سـەیرە کـە بەبـێ مۆبایـل بچیتـە دەرەوە. ئەمـە وەك کلێشـەیەکی بـاو تەنیـا پەیوەندیـی بـە پێویسـتییەوە نیـە، بەڵکـو شـتەکە لـەوە زیاتـرە. مۆبایـل و لاپتـۆپ {هەندێـك جاریـش ئۆتۆمبێـل و شـتی تریش...}تەنیـا وەسـیلە و پێویسـتی نیـن، بەڵکـو بەشـێکن لـە فیگـەری بنەڕەتیـی ئێمـە لـەم سـەردەمەدا. سـەردەمە خـۆی جـۆرە فیگەرێکـی وەهـا بەرهـەم دێنێـت. مرۆڤێـك دەخولقێنێـت کـە پێکـڕا و سـەرتاپا مـرۆڤ نەبێـت و بەشـێکی مرۆڤبوونـی لـێ بسـێنێتەوە. سـەردەمەکە ڕەهەندێکـی ئەفسـانەیی دەبەخشـێتە مـرۆڤ. تەکنیـك دەتوانێـت بەشـێك لـە مـرۆڤ لـە مـرۆڤ بسـێنێتەوە و بیکاتـە گیانـەوەرە نیوەییەکـە.

پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە کـە کام بەشـەیان لـەوی تـر گرنگـترە. گەرچـی ئـەم دوو بەشـە وەك قەبـارە و ئیـش هاوشـێوە نیـن، بـەڵام کامەیـان دەتوانێـت کـۆی بوونەوەرەکـە بباتـە ڕێـوە؟ ئایـا ئـەو بەشـەی گرنگـە کـە تەکنیکـی و وردبینـە یـان ئـەوە بەشـەی کـە ئـەوی تریـان هەڵدەگرێـت؟

وا دەردەکەوێـت کـە هەریەکەیـان بـۆ ئـەوەی تریـان پێویسـتن. مـرۆڤ دەبێتـە هەڵگـری ئـەو سـەرە دەرەکییـەی خـۆی و ئـەو سـەرە دەرەکییـەش دەبێتـە هەڵگـری زۆر شـتی مـرۆڤ. خەریکە یـادەوەری و بـەروار و خەزێنەکانـی مـرۆڤ دەچنـە نـاو ئـەو سـەرەوە. کامـمان لـە مۆبایـل و کۆمپیوتـەردا، واتـە لـە سـەرە دەرەکییەکەمانـدا، بەشـێکی گرنگـی خۆمانـمان دانەنـاوە! گـەر نیـوە مرۆڤییەکەمـان لای خۆمـان بێـت و جـۆرە کۆنترۆڵێکـمان بشـکێت بەسـەریدا، ئـەوا نیـوە تەکنیکـی و نامرۆییەکەمـان کۆنـترۆڵ ناکرێـت. دەشـێت ئـەو نیوەیـە سـوکان و ئاراسـتەی خـۆی وەربگرێتـز دەشـێت ئەویـش نیـاز و ئاراسـتەی خـۆی هەبێـت کـە ئـەم نیوەیـەی تریشـمان بـەدوای خۆیـدا پەلکێـش بـکات. مەگـەر زۆرێکـمان بـە هـۆی ونبوونـی زاکیـرەی مۆبایـل و کۆمپیوتەرەکانمانـەوە تیانەچوویـن؟ مەگـەر هەندێـك جـار مردنێکـی ڕەمزییـمان تاقـی نەکـردەوە. ئـەو دەمـەی ئـەو نیوەیـەی تـر لـە کۆنـترۆڵ دەردەچێـت و دەڕوات، ئیـدی ئـەم نیـوە مرۆڤییـەی ئێمـەش بـە جۆرێـك بەتـاڵ و پاسـیڤ دەبێتـەوە. ئێمـەی نیوەمرۆڤـی ئـەم ڕۆژانـە، بەشـێکی میکانیکـی هاتۆتـە سـەرمان و لێـمان جیانابێتـەوە. کاتێـك ئـەم بەشـە دێتـە سـەرمان، هەسـت دەکەیـن نیوەیـەك لـە جەسـتە و ڕۆحـی ئێمـەش داگیـردەکات. هەسـت دەکەیـن هـەر بـە ڕاسـتی نیوەمـان ڕۆیشـتووە و نیوەیەکـی نامرۆیـی و ڕەق جێـی گرتۆتەوە. لاپتـۆپ و مۆبایـل جێـی سـەر دەگرنـەوە. لای سـەرە بایۆلۆژییەکـەوە هەڵیدەگریـن. دەیانخەیـن لای نیـوەی دووەمـی لەشـمانەوە. ئـەم لێکچوونـە، تەنیـا شـتێکی ڕێکـەوت و شـیعری نیـە. بەڵکـو

بەپێـی ڕێسـای جێگرتنـەوە و ئەڵتەرناتیـڤ، شـتێك دەڕوات و بەدیلێـك دێتـە جێگاکـەی. سـەرێکی بایۆلـۆژی دەڕوات و سـەرێکی تەکنۆلـۆژی جێـی دەگرێتـەوە. کاتێـك لاپتـۆپ و مۆبایلـمان پێیـە، خەیاڵـی ئێمـە چیـتر بـۆ شـوێنی دوورتـر نـاڕوات. خەیاڵـی ئێمـە لـەم سـەرانەدا قەتیـس دەبێـت. تەرکیـزی ئێمـە لـەم سـەرانەدا چـڕ دەبێتـەوە. پـرۆژە و وردە ئیـش و نەخشـەی سـبەینێمان لـەم سـەرانەوە دەسـت پێدەکـەن. بـۆ ئـەوەی بخەویـن، دەبێـت ئـەم سـەرەش بخەوێـت و بکوژێتـەوە. گـەر سـەرت نەکوژێتـەوە خـەوت پیـا دەکەوێـت؟!

لە ڕاسـتیدا کاتێـك میتافـۆری ڕۆبـۆت دەدرێتـە پـاڵ مـرۆڤ، هەسـت دەکەیـن هێشـتا میتافۆرێکـی تـەواو نیـە. گەرچـی کار دەکەیـن و بووینەتـە جۆرێـك لـە ماشـێن، بـەڵام هێشـتا شـتێك هەیـە و خۆی ناداتـە دەسـتەوە. پارچەیەکـمان تیایـە و نایەوێـت مـرۆڤ نەبێـت. هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوەیە کـە بـەر لـەوەی ڕۆبـۆت بیـن، نیـوە مرۆڤیـن. گـەر نیوەمـان کارگـە و سـەرقاڵی بیبـات، ئـەوا نیوەیەکـەی ترمـان هـەر مرۆڤـە. ئـەم نیوەیـە دەتوانێـت بـە دەسـتی خـۆی نیـوەی خـۆی وشـك بـکات. بیکاتـە وەسـیلە و ئامێـر. بیکاتـە ئـەو شـتەی کـە دژی خۆیەتـی. بـەڵام دیسـان هـەر بەشـێك دەمێنێتـەوە و خـۆی ناداتـە دەسـتەوە. تەنانـەت نیوەیەکـی نامرۆیـی بـۆ خـۆی زیـاد دەکات و هـەر مرۆڤە...بـەڵام ئـەوەی زیـادی دەکات هێشـتا زۆر غەریـب نیـە. هێشـتا پێـی سـەیر نیـە وای لێهاتـووە. ئەمـەش لەبـەر دوو هـۆ:

یەکـەم: هەمـووان خەریکـە دەبنـە ئـەم گیانـەوەرە نیـوە مرۆڤـە و بـۆ یەکـتری ئاسـایی دەبنـەوە. واتـە هـاوکات هەمـووان دەیانەوێـت لەیـەك بچـن. هەمـووان وەکـو یـەك سـەیرن، کەواتـە کـەس بـە سـەیری نامێنێتـەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر، مێـژوو لـە خاڵێکدایـە کـە بوونـەوەرە سـەیرەکان لێـرەن و کەسـیش خەیاڵـی بـۆی ناچێـت. هەمـووان ئـەو مەخلوقـە سـەیرەن. چیـتر کـەس رابـردوو ناگەڕێـت بـۆ ئـەم بوونەوەرانـە. ئەگەریـش گـەڕا، ئـەوا بـۆ ئـەم ڕسـتەیە دەگەڕێـت: بۆچـی بوونـەوەرە نیوەمرۆڤـەکان دیـار نیـن؟ هەڵبـەت مەعلومـە لـە کوێـن.

دووەم: ڕەنگـە ئەمـە دوایـین شـێوەگۆڕین نەبێـت. ڕەنگـە نیوەمرۆڤـەکان بـە جۆرێکـی تـر بکەونـە ئاینـدەوە. ڕەنگـە ئیـتر لەنـاو مێـژوودا بـۆ کائینـی نیـوە نەگەڕێیـن بەڵکـو لـە داهاتـوودا بـۆی بگەڕێیـن. ئـەم ئەگەرەتـا ئـەو جێیـە بەهێـزە کـە نیوەیەکـمان بتوانێـت نیوەکـەی تـر کۆنـتڕۆڵ بـکات و هەمیشـە یـەك نیوەمـان ئیـش بـکات...

ئێمـە هەمـوو ڕۆژێـك لـە بـری ئاوێنـە، دەچیـن سـەرمان ئارایشـت دەکەیـن. تـازەی دەکەینـەوە. دوکانـی مۆبایلفـرۆش و لاپتۆپـەکان لـە سەرتاشـخانەکان قەرەباڵغـترن...

...

نوسراوەکانــی فەیســبوك، جارێکــی تــر کێشــەی مەرگــی نوســەر لای «ڕۆلان بــارت» زینــدوو دەکەنــەوە. زۆرێــك لــە نوسراوەکانــی فەیســبوك بــێ نوســەرن. دەشــێت کاریگەریــی هەمــووان بــۆ ســەر هەمــووان بێــت، کــە دۆخــی مردنــی نوســەر درووســت دەکات. کاریگــەری فــڵان هاوڕێــی «فەیســبوکی» لــە ســەر فــڵان هاوڕێــی تــر, دەق دەکاتــە بونەوەرێکــی بــێ بــاوك و بــێ نوســەر. شــێرکردنی دەقێکــی نــوسراو یــان وێنــەی لــە کەســی بیســتەمەوە بــۆ نۆزدەیــەم و هەژدەیــەم و دواتــر، نوســەرەکەی دەمرێنێــت. لــە هــەر شــێر کردنێکــدا، وتەیەکــی بچــوك یــان ســیمایەکی تــری دێتــە ســەر و خاوەنــی ڕاســتەقینەی دەق بیــر دەچێتــەوە. هــاوکات، گواســتنەوەی کاڵائاســای شــیعر و وتــە و پەرەگرافــی نــاو کتێبــەکان بــۆ فەیســبوك، نوســەری دەقەکــە دەمرێنێــت، چونکــە لــە یــەك کاتــدا نوســەری یەکــەم و وەرگــر و شــێرکەرەکەش دەبنــە خاوەنــی دەق، ئەمــە جگــە لــەوەی دەقــی یەکــەم خــۆی لــە یاریــی مــەرگ و ژیانــدا دەژی

# وەسیەت وەک دەق:

وەسـیەت دەقـە، چ نـوسراو بێـت یـان زارەکـی. چـی دەبێـت لـە دیـدی دێرێـداوە ئـەم دەقـە هەڵوەشـێنینەوە؟ مانـا و مەدلولەکانـی دوابخەیـن؟ بیخەینـە ئەودیـوی دوالیزمـی حـازر/ غیابـەوە؟ چـی دەبێـت (شـوێن پـێ)ی نوسـەری دەقەکـە ون بکەیـن؟
چـۆن بتوانیـن -میتافیزیکـی حـزوور-ی دێرێدایـی بەسـەر وەسـیەتدا ئاوەڵابکەیـن و وەسـیەت لـە وەسـیەت ڕزگاربکەیـن؟ وشـەیەك هەیـە هێنـدەی وەسـیەت کـە دێرێـدا ڕقـی لێـی بێـت؟! وشـەی پەیـام؟ مەگـەر وەسـیەت پەیامێکـی ئامـادە و دوالیسـتی نیـە!؟
ئـەو تـازە مـردووە، ئایا هیـچ دەلالەتێکـی پەتیـی لـە دەقەکەیـدا جێهێشـتووە؟ یاخـود دالێکـی خسـتە پـاڵ دالەکانـی تـر و وەك مەکینەیـەك کوژایـەوە؟
دڵنیایت ئەو بۆشایی دەقەکەی نەبردە قەبرەوە؟

# بۆچی عومری مرۆڤ درێژە؟

هەندێك دۆخی تووڕەی لێ دەرچێت، ئیدی مرۆڤ پێی وایە تەمەنی كورتە. پێی وایە عومری بەشی خەونەكانی ناكات. واتێدەگات زووتێپەڕ و مەغدوورە. بەڵام ئایا ئێمە كەم دەژین و زوو ون دەبین؟ جێی گومانە.

دەشێت ئەم دیدگایە لە دوو گۆشەوە درووست بووبێت. یەكەم، ئەبەدییەت و دووەمیش، ئارەزووەكان. مرۆڤ بە عەقڵە ژمارەیی و «چەندێتی پەرست»ـەكەی دێت و عومری خۆی بە ئەبەدییەت دەپێوێت. ڕیشەی ئەم پێوانە و بەراوردە دەگەڕێتەوە بۆ غەریزەی مانەوە. مرۆڤ دەیەوێت هەمیشە بمێنێتەوە، لە بری ئەوەی وەك هەزاران دیاردەی تر زووتر بمرێت. دووەمیش، مرۆڤ بەو وەهمەوە بەردەوام دەبێت كە گوایا ئارەزووەكانی پڕ دەبێت. پێی وایە كاتی زیاتر، تێربوونی زیاتری پێ دەبەخشێت. بەم پێیە هەمیشە پێی وایە عومری فانی و ڕاگوزەرە و ناگاتە دۆخی سكون.

بە گوێرەی ئەو پاڵنەرانەی كە لە پشتەوە دەمانجوڵێنن، یەك چركە و یەك سەدە یەكسانن. هەردووكیان ڕیزێك پاڵنانی دووبارە و بەتاڵ و بازنەیی و تینوون. خاڵێك نیە بۆی بچن. جوڵان و دووبارەبوونەوەكە ئامانجن. دەكەونە دەرەوەی كاتەوە. بۆ شتێك دەگەڕێن كە بەر لەوەی هەبووبێت ون بووە-لاكان.

نە ئەبەدییەتت بوێت و نە ئارەزووی زۆریش: ئەگینا ناچاریت تاكو «ئەبەد» بە دەوری «ئارەزوو»ـەكانتدا بسووڕێیتەوە...

ئەم دوو وشەیە دەمانگەیەننە ئێرە: ئەبەدییەت ئارەزوویەكی بنەڕەتیی مرۆڤە، مرۆڤیش تا ئەبەد ئارەزووەكانی تێر نابێت.

كەواتە بێ ئەوەی دڵت خۆش بكەیت، هەر چركەیەك ئەبەدییە.

# دەربارەی پارادۆکسی زەواج:

زەواج لـە زەینـی زۆر مرۆڤـدا دۆخێکـی پارادۆکسـیکاڵە. واتـە کۆکـەرەوەی دوو جەمسـەری دژ و عاسـی و کۆنـترۆڵ نەکـراوە. بـەر لـەوەی ئەنجامـی بدەیـت دەزانیـت ئەنجامدانـی بـاش نیـە و کـە ئەنجامیشـت دا ئیـدی دەزانـی نەتدەتوانـی ئەنجامـی نەدەیـت! ئـەوەی کـە مرۆڤـەکان بێـزاردەکات لـەم پارادۆکسـەدا ڕەنگـە ئەمـە بێـت کـە، هەرگیـز نەتوانـن لایەکـی ئـەم پارادۆکسـە وەربگـرن. سـادەتر بڵێیـن، نـە دەتوانـن زەواج نەکـەن و نـە دەشـتوانن بـە ئاسـانی بیکـەن. واتـە سـەرەنجام ناچـارن هـەردوو دۆخەکـە کۆبکەنـەوە و وەك شکسـتیش نەیبینـن. لێرەوەیـە کـە قسـەیەك دەمێنێتـەوە و پارادۆکسـەکە دەگەیەنێتـە ئارامـی و سـکون. واتـە ئـەو ئارامییـە زەینییـەت دەداتـێ کـە بچیتـە پرۆسـەیەکەوە کـە بەجۆرێـك لێـی وەڕز دەبیـت. ڕەنگـە ئـەو قسـەیە ئەمـە بێـت:

بـۆ ئـەوەی لـە ترسـێك ڕزگارت بێـت، دەبێـت تاکـو سـەر ئـەو ترسـە درێـژ بکەیتـەوە. ئـەوکات ئیـدی هـەردوو پارادۆکسـەکەت ڕام کـردووە. گـەر لـە ترسـەکە بکشـێیتەوە، پارادۆکسـە نامرێـت و هـەر هەیـە و وەك مەتەڵێکـی پـوچ دەمێنێتـەوە...

لیرەشـەوەیە کـە دەوترێـت زەواج ئـەو قەڵایەیـە حەزدەکەیـت بچیتـە ناویـەوە، کـە چووشـیت دەتەوێـت بێیـە دەرەوە. دەشـێت ئەنجامـی کۆتایـی ئـەم پارادۆکسـە وەهـای لـێ بێـت:

زەواج ئـەو قەڵایەیـە کـە دەزانیـت چیـی تیایـە و دەچیتـە ناویـەوە و لـە بـری گەڕانـەوە تـا سـەر دەڕۆیـت و تێیدەپەڕێنیـت!

بـە کۆمەکـی تەئویلـی فەرهادپـور، زەواج ئـەو شکسـتەیە کـە لـە هێـزەوە سـەرچاوە دەگرێـت: هێـزی تێپەڕانـدن.

# تۆ مەترسە:

تـۆ نەخۆشـیت. تـۆ چێـژ لـە لـەرز و تاكـەت ببینـە. چێـژ لـە ئازادیـی زمـان ببینـە. چێـژ لـە سـكوت و دیلێتیـی زمـان ببینـە. چێـژ لـە تـرس و ئازارەكانـت ببینـە. تـۆ نەخۆشـیت، نەخۆشـی ڕام كردنـی لەزەتـە. ڕام كردنـی ئـازارە. ئیـدی لـە نەخۆشـیدا، مـەودای ئـازار و لـەزەت تـەواو تێكـەڵ دەبـن. تـۆ ئیـتر لەنـاو ئازاردایـت، ترسـی ئـازارت لەسـەر نەمـاوە. تـۆ و ئـازار ئامێزتـان كـردووە بـە یەكـدا. ئامێزێـك كـە بەرەنجامـی ترسـە. وەك ئامێزكردنـی بۆكسـێنەرەكان لەكاتـی بۆكسـێندا. نەخۆشـی چێژوەرگرتنێكـی ماسۆشـییە لـە خـۆت. چێژێكـی سادییسـتییە لـە «ئـەوی تری»ـی نـاو خـۆت. تـۆ چێـژی پەتـی وەردەگریـت. ئـەو چێـژەی كـە بـە ئەسـتەم لـە ئـازار جیادەكرێتـەوە. تـۆ دەسـت لـە چێـژ دەدەیـت، دەسـت لـە بریـن دەدەیـت. وڕێنەكانـت چیرۆكێكـی فەنتازیـن. لـەزەت لـە ئـەدەب و نمایشـی نـاو نەخۆشـییەكەت وەربگـرە. چێـژ گەرمـە. چێـژ ئەزمونێكـی سـوریالییە. تـۆ ئاگایـی و هۆشـت دەوەسـتێت: تـۆ چێـژ لـە عـەدەم وەربگـرە.

تۆ لە نەخۆشی مەترسە، بە غرووورەوە دەست لە مردن بدە.

# شانۆ، تۆزێک له واقیع واقیعیتر!

شانۆ ژیانێکی تر نیه له سه‌رزه‌مینێکی بچوکتردا: هۆڵ. شانۆ، ئه‌و یۆتۆپیایه‌یه که که نائاگاییانه خه‌ونی پێوه ده‌بینین. ڕه‌نگه ئه‌مه بچێته‌وه سه‌ر دیدی فرۆید بۆ شارستانییه‌ت. ئه‌و دیده‌ی که پێی وایه شارستانییه‌ت به‌رهه‌می چه‌پاندنه. یاسا و که‌لتور و نه‌ریت به‌رهه‌می سه‌رکوتکردنی غه‌ریزه‌ن. ڕه‌نگه شانۆ خۆزگه‌یه‌کی شه‌رمنانه بێت بۆ ڕۆژگاری پێش چه‌پاندن. ئه‌و ڕۆژگاره‌ی که ژیان وه‌ك خۆی، خۆی ده‌رده‌خست. شانۆ ده‌یه‌وێت ژیان وه‌ك خۆی، خۆی ده‌ربخات.

شارستانییه‌ت ده‌ست پێده‌کات. له ناو شارستانییه‌تدا ده‌پرسین: ئایا شانۆ ژیانێکی تره؟ زۆر ڕوون نیه بۆمان. شتێك هه‌یه و به ئه‌سته‌م گوێ ناکه‌ین. وا تێده‌گه‌م ئه‌و شته ئه‌وه بێت که شانۆ نوسخه‌ی ئۆریجیناڵه، شانۆ ژیانه به‌ر له‌وه‌ی ماسکی چه‌پاندنی پۆشیبێت. له‌مه‌ش سازش ده‌که‌ین و ده‌ڵێین، خۆ دیوه ڕه‌مزییه‌که‌ی شانۆ هه‌رگیز له ژیانه باوه‌که که‌متر نیه. شانۆ سنوره‌کانی نێوان ژیانی واقیعی و ژیانی مه‌جازی تێکه‌ڵ ده‌کات. هاوکات، شانۆ سنوره‌کانی نێوان ئه‌ده‌ب و هونه‌ریش ئاوێته ده‌کات. شانۆ هاوکێشه‌ی کار-ئه‌کته‌ر/ خوێنه‌ر ده‌گۆڕێت بۆ ئه‌کته‌ر/ بینه‌ر. واته شانۆ خۆی ده‌رده‌خات. شانۆ ده‌ژی. شانۆ زۆرجار وه‌ك نوسخه‌ی ئه‌سڵ خۆی ده‌سه‌پێنێت و ناچارین تیا بژین. شانۆکار ده‌توانێت قسه له‌گه‌ڵ بینه‌ردا بکات و به یه‌کجاری سنوری نێوان واقیع و نمایش هه‌ڵبگرێت. ئه‌وکات ئیدی بینه‌ریش ده‌بێته شانۆکارێکی تر. ئه‌و بینه‌ره‌ی که له ده‌ره‌وه‌ی هۆڵ شانۆکارێکی کپ و کڵۆڵه.. به‌ڵێ هه‌موومان شانۆکارین. هه‌موومان له پانتایی کۆمه‌ڵایه‌تیدا، به ته‌نیشتی ئه‌م ژیانه مه‌لموسه‌وه چه‌ند ژیانێکی تریش ده‌ژین. شانۆ دانپیانانێکی بوێرانه‌ی هونه‌ره و پێمان ده‌ڵێت: ئه‌حمه‌قینه ژیان ته‌نیا و ته‌نیا نمایشێکه. نمایشێك ناچاری. نمایشێك که هه‌زاران په‌رده‌ی دڕاوی بۆ دروست کراوه:: تۆ مرۆڤیت، ده‌ته‌وێت ده‌رهێنه‌ر بیت، ده‌ته‌وێت هه‌زاران ده‌موچاو

بشـاریتەوە بـۆ ئـەوەی خـۆت دەربخەیـت!

شـانۆ دیالەکتیکـی ڕاسـتەقینەی نێـوان واقیـع و نمایشـە. واقیـع، نمایشـێکی ئایدۆلۆژییانەیە و شـانۆش واقیعێکـی نائایدۆلۆژییـە. لـەم کۆمەڵـگا واقیعپەرسـتەدا، شـانۆ وەك سـێبەر و غەڵبەغەڵـب سـەیر دەکرێـت. وەك لاسـاییکردنەوەی ئـەم ژیانـە. ئـەوەی بـە واقیعـی نەزانرێـت، وەك شـانۆ سـەیر دەکرێـت. مەگـەر شـانۆ نوسـخە ئەسڵییەکە نیـە؟!!!

گـەر هـەر شـتێکیان بـە شـانۆ چوانـد؛ بزانـە ئـەوە حەقیقەتـە؛ بزانـە مـرۆڤ خـەون بـەوەوە دەبینێـت و شـەرم دەکات بڵێـت واقیعـە..،..

ڕەنگە هێشـتا چنگـمان نوسـابێت بـە «واقیع»ـەوە. بـە نمایشـە نیوەناچڵەکانـەوە، ئـەو نمایشـانەی کـە بـە گاڵتـەوە یەکتریـی تیـا ئەتـك دەکەیـن ن ن. هـەر بۆیـە ناتوانیـن هێندەی»عەتـا محەمـەد» خەیاڵـی بیـن تاکـو نەتوانیـن یادەوەریـمان بنوسـینەوە، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن جەنابـی «ژیـژەك» درووسـتی بینـی کـە نمایـش و شـۆ و {شـانۆکان} تەنانـەت تۆزێـك لـە واقیـع واقیعیتریشـن.

ئەمـڕۆ ئەوەمـان لـە دەسـت دێـت، کـە قسـەی ئـەو دەرهێنـەرە بـە بـە دۆسـتە شـانۆکارەکان بڵێیـن

کە هاوڕێی ئەلبێر کامۆ بوو، کامۆیەك کە ...

ئـەو وتبـووی: گـەر تاکـە ئەحمەقێکیـش لـە هۆڵەکەدایـە هـەر لـە نمایـش مەوەسـتن. (ئەحمەقـەکان بەختـەوەرن کـە سـتافێك دەکەونـە نمایـش بـۆی. کەواتـە تـۆی تەنیـای نـاو هۆڵەکـە ئەحمـەق نیـت).

# عومەر کڵۆڵ، حەکیمێکی لاڵ...



سـادقی هیدایـەت دەیـوت ئاژەڵـەکان بـرای بچوکمانـن. عومـەر کڵۆڵیـش کەر/ئـاژەڵ بـە بـرای گـەورە دەزانێـت. ئـەم (دوو دەربڕینە))ـی بـرای بچـوك و گـەورە لێـرەدا ئامـاژەن بـۆ (یـەك خاڵ). واتـە مـرۆڤ قۆناغێکـی ناتـەواوە لـە عالەمـی کائیناتـدا. یـان دەبـوو زیاتـر بێـت یـان کەمـتر.

هەڵەیـە گـەر پێـمان وابێـت عومـەر کڵـۆڵ بـە تەنیـا دیفـاع لـە ئاژەڵێـك دەکات. عومـەر لـە قوڵاییـدا دەیەوێـت بڵێـت: کانـت واتەنـی، مـرۆڤ شـتێکی لـە حەیـوان کەمـترە، سرووشـتەکەی کـەم و کورتـە، تەماعـی زۆرە و سـەبری کەمـە، ناهاوسـەنگییەك لەنێـوان دونیـای دەرەوەی و نـاوەوەی خۆیـدا هەیـە و هەرگیـز باڵانـس وەرناگرێـت.

هەمیشـە کـە دەبینـم بـە عومـەر پێدەکەنـن، ئـەو وێنەیـە وەك کابـوس دامدەگرێـت کـە مـرۆڤ بـە خـۆی پێدەکەنێـت، بـە وێنـە شـاراوەکەی خـۆی کـە عومـەر بـە لێکچوانـدن و مەجـاز و کـەر، دەیخاتــەوە بــەر چاومــان. گەرچــی دیــکارت پێــی وابــوو ئــاژەڵ ماشــێن و جیهــازە، بــەڵام ئــەوە ئێمەیــن ئەمــڕۆ ئــەو جیهازەیــن...

ئەوانـەی لـە مێـژوودا وەك حەکیـم و تیۆریسـیەن نـاسراون، خاڵـی لێکچواندنیـان دۆزیوەتـەوە لـە نــاو دیاردەکاندا...لێکچوانــدن زۆرجــار ئەڵتەرناتیڤــی بەڵگانــدن و ئەرگۆمێنتــە...

عومــەر حەکیمێکــی لاڵــە...، مەبەســتم دەنگــی ناگاتــە خەڵك...ئێمــە کەڕین...تــا ئــەو ڕادەیــەی کـە ناتوانیـن (حـەوت)ی ژێـر (ر)ــەکەش لابدەیـن..

# (خەرمان بەرەکەت)!

ئەمـە وەڵام و موجامەلـەی ئەوانـی تـرە بـۆ ئێمـە، بـۆ سـاتی بەرهەمداریـی ئێمـە، سـاتی دانـەدەرەوەی بەرووبومێکـی ئەدەبـی و فیکـری و ڕەمـزی و ...

دەیانەوێـت ئـەم بەرهەمـەش بخەینـە پـاڵ خەرمانەکـەی تـر، بـەڵام ئـەی دوای ئـەوە؟ ئـەی ئـەم خەرمانـە زیـاد لـە ڕادە گـەورە نابێـت؟ بەرەکـەت هەڵاوسـان درووسـت نـاکات؟ نامانکوژێـت؟ بەرەکـەت هاوماناى زۆرییـە؟ ززۆری هەمیشـە مورادیفـی باشـتربوونە؟

ئایا ئەمە واتە بەردەوام بە، یان گوزارشتە لە ژمارە و چەندێتی؟

هەسـت ناکەیـت چەندێتـی، چۆنیەتـی دەمرێنێـت. گـەر ئـەم بەرهەمەشـت وەك ئەوانـەی دواتـر و پێشـتر بێـت، ئیـدی تـۆ چیـت کـردووە؟ ئیـدی چـۆن بزانیـن ڕسـتەکە خـۆی بەرەکـەت و مانـای هەیـە؟

ڕەنگە بەپێی (نەستی کوردییانە) ناڕاستەوخۆ پێم بڵێیت: خەرمانەکەت زۆربکە و بیسوتێنە!،!

# مۆد، دەمامکە ڕوونەکە!

مـۆد شـتێکی نـوێ نیـە. مـۆد کۆنـە، دووبارەیـە، سـواوە، زەقکردنـەوەی سـتراکتۆرە دێرینەکانـی مرۆڤـە. ئـەو سـتراکتۆرانەی کـە تەنیـا لـە جوانیـدا کـورت نابنـەوە، بەڵکـو هەریـەك لـە ڕق و ئیرەیـی و چێـژ و خۆپەرسـتی و دەسـکاریی تەمـەن و ململانـێ و کۆیلایەتـی و لێکچـوون و جیـاوازی و لاسـایی و زۆر بنەمـای تریـش دەگرنـەوە. واتـە شـتێك نیـە هـەر بـە زات نـاوی مـۆد بێـت. مـۆد نیشـانەیە. واتـە خـۆی ماهیەتێکـی سـەربەخۆی نیـە و نوێنەرایەتیـی شـتێکی تـر دەکات. ئەڵتەرناتیڤێکـی کاتییـە بـۆ شـتێکی تـر و پاڵنەرێکـی تـر. مـۆد هەمیشـە هەیـە. هەمیشـە ئامادەیـە. بـە نـاو دیـاردە و شـتەکاندا هاتوچـۆ دەکات. ڕەنگـە لـە ڕۆژگاری پێـش مۆدێرنـەی سـەرمایەداریدا، مـۆد ڕوونـتر دەلالەتـی بەخشـیبێت بـە جیاکردنـەوەی سـتراکتۆرەکانی مـرۆڤ، بـەڵام ئەمـڕۆ خێراتـر و شـێتانەتر دێـت و دەڕوات. ئەمـڕۆ، مـۆد ئیـتر جیاوازیـی چینەکانـی خەڵـك پیشـان نـادات بەڵکـو نزیککردنەوەیەکـی درۆزنانـەی چینەکانـی خەڵـك دەخاتـەڕوو. مـۆد ئیـدی دەکەوێتـە ئەودیـوی چینەکانـەوە، مـۆد دەچێتـە نـاو زمانـەوە و بەشـدارە لـە درووسـتکردنی گوتـاردا. ئەمـڕۆ تیـرۆر و تاتـۆ و بڕوانامـە دەبێتـە مـۆد و، سـبەینێش جـل و بـەرگ و ئۆتۆمبێـل و تلیـاك. بـەڵام نازانیـن ئـەو وەسوەسـەیە بۆچـی وازمـان لێناهێنێـت کـە ئـەم ڕسـتەیە نەڵێیـن: مـۆد بووەتـە مـۆد؟

بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنین کـە مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە، ئیـدی پێویسـتت بـە زمـان و گۆکـردن و قسـە نیـە مرۆڤـی پـێ بکەیتـە بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتـی. مـۆد جێـی زمـان دەگرێتـەوە، مـۆد کافییـە، مـۆد زمانـە. مـۆد دیاردەیـەك و بونیادێکـی کۆمەڵایەتییـە، بۆیـە مرۆڤیـش ئاژەڵێکـی کۆمەڵایەتییـە. دەوترێـت ئارایشـت کۆنـترە و مـۆد نوێیـە، دەکرێـت ئـەم بۆچوونـە ببرێتـە پـشـەوە و بگوترێـت: مـۆد ئارایشـتێکی ئەبەدیـی مرۆڤـە، ئارایشـتی هەمـوو سـەردەمەکانە.

مـۆد خۆدەرخسـتن نیـە، مـۆد خۆشـاردنەوەیە، شـاردنەوەی زات و شوناسـمانە، شـاردنەوەی شـتێکی

تـرە. مـۆد جـوان نیـە، جوانـی نیـە. مـۆد هەوڵـە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی جوانـی. مـۆد پرۆسـەیەکی مالیخۆلیاییـە. گەڕانێکـی بەردەوامـە بـۆ ئـەو شـکۆ و ڕووخسـار و مەقامـە کۆمەڵایەتییانـەی کـە هەسـتدەکەین ونمـان کـردووە. مـۆد خـۆی نەفـی دەکاتـەوە. دەیەوێـت ببێتـە دیاردەیەکـی پـڕی کۆمەڵایەتـی، بـەڵام یەکسـەر سـیحر و کاریگەریـی خـۆی لەدەسـت دەدات و هەمـووان دێنـەوە سـەر خاڵـی سـفری مـۆد. هەمـووان دەتوانـن بـە جۆرێـك لـە جـۆرەکان بەشـدار بـن لـە مـۆددا. مـۆد گەیشـتن نیـە بـە شـوێنێکی کۆمەڵایەتیـی جیاوازتـر. مـۆد، جەختکردنەوەیـە لەسـەر شـوێنگە کۆمەڵایەتییـەکان. کـە مۆدێـك <دادەهێنیـن!> لاسـایی دەکرێتـەوە. کـە مۆدێـك لاسـایی دەکەینەوە، جگـە لـە پشـتیوانییەکی کۆمەڵایەتـی شـتێکی ترمـان دەسـت نەکەوتووە. مۆد، هەمیشـە شکسـتێکی کۆمەڵایەتییـە.

ئایـا مـۆد «گۆڕانێکـی بـێ هـۆکارە؟ ئایـا گۆڕانـە لـە پێنـاوی گۆڕانـدا؟». بـە دەربڕێنێکـی دی، ئایـا مـۆد گۆڕانێکـی کوێرانـە و بەردەوامـە؟ هـەم بەڵـێ و هـەم نەخێـر. بەڵـێ، چونکـە زۆرجـار هیـچ هۆکارێکـی تەقلیـدی و بیـنراو و مەلموسـی لـە پشـتەوە نیـە، هـاوکات نەخێـر، چونکـە مـۆد نواندنـــەوەی دیـــوە ناکۆتاکانـــی مرۆڤـــە. نواندنـــەوەی ئـــارەزووە، نواندنـــەوەی کـــرداره بێمانـــا و غەریزییەکانـــی مرۆڤـــە.

لێکۆڵەرێـك پێـی وایـە کـە مـۆد دۆخێکـی پارادۆکسـاوییە. گوایـا «مـۆد، یـەك جوڵـە نیـە، بەڵکـو دوو جوڵەیـە. یەکیـان بریتییـە لـەوەی کـە کەسـەکانی چینـی خـوارەوە هـان دەدات خۆیـان بـە کەسـانی چینەکانـی سـەرەوە بچوێنـن. ئـەوی تریشـیان بریتییـە لەوەی کـە ئارەزووی کەسـانی چینی سـەرەوە دەبزوێنێـت تاکـو ڕابـردوو پشـتگوێ بخـەن و نەهێڵـن کەسـانی چینـی خـوارەوە پێیانـدا بگـەن». بـە نزیـك لـەم بۆچوونـەوە، جـۆرج زیمێڵـی کۆمەڵناسـیش پێـی وایـە کـە «مـۆد، هـەم ئـارەزووی لێکچـوون تێـردەکات لەگـەڵ ئەوانـی تـردا و هـەم ئـارەزووی جیـاوازی و خۆجیاوازگرتنیـش بـەدی دەهێنێت.کەسـەکە بـە پەیـڕەوی لـە مـۆد، هـەم خـۆی بـە جیـاواز و داهێنـەر دەبینێـت و هـەم پشـتیوانیی زۆرینـەش بەدەسـت دەهێنێـت کـە وەك ئـەو ڕەفتـار دەکـەن». ئـەم دوو بۆچوونـە، بۆچوونەکانـی سـەرەوە تۆخـتر دەکەنـەوە و پێـمان دەڵێـن کـە مـۆد دەتوانێـت لـە یـەك کاتـدا هەڵگـری زیـاد لـە سـتراکتۆێکی دەروونـی و کۆمەڵایەتیـی مـرۆڤ بێـت.

ئایـا مـۆد خـۆی دێـت یـان <دادەهێنرێـت>؟ هەرکامیـان بێـت، ئـەوا هیـچ لـەو ڕاسـتییە ناگۆڕێـت کـە مـۆد هەمیشـە ئامادەیـە. هەرجـارە و شـتێك دەخزێنێتە هەنـاوی خۆیـەوە. هەرجـارە و برینێکی کۆمەڵایەتیـمان بیردەخاتـەوە. هەرجـارە و عەزابـی بەردەوامیـمان دەخاتـەوە یـاد. هەرجـارە و ئـەو

ڕاستییە «بێکێتی»یەمان دەرهەق بە ژیان پیشان دەداتەوە کە: ناتوانم درێژەی پێ بدەم، دەبێت درێژەی پێ بدەم، درێژەی پێ دەدەم.
«ئێستا مۆدێلی ئەوەیە بیکڕە...» ئەمە ئەو ڕستەیەیە کە زۆرجار دڵنیاییمان دەداتێ بۆ کڕینی شتێك. مۆد، هەڵگری ئەو پشتیوانییە کۆمەڵایەتیەیە کە لە کاتی کڕیندا ئامادە دەبێت. هاوکات هەڵگری ئەو شەرعیەتەشە کە دەتوانین لە کاتی سەرکۆنە و ناڕەزایی کۆمەڵایەتیدا بەکاری بهێنین: تۆ چوزانیت، ئەمە مۆدە ئیتر! تەنانەت ئەمە لەمرۆشدا زۆرێك دەکاتە داهێنەر! زۆرێك دەتوانن مۆد دابهێنن. ئەمڕۆ زەوقیش وەك حەقیقەت ڕێژەییە! مۆد، بەشداری دەکات لە دروستکردنی زەوقماندا. زەوقیش لە زۆر باردا شتێکی درووستکراوە. ئەمڕۆ زیاد لە هەر سەردەمێکی تر، زەوقیش وەك حەقیقەت درووست دەکرێت! بەڵام تۆزێك دواتر، کاتێك مۆد دێت و <دادەهێنرێت> هەموومان ناچارین هەڵبژێرین! ماهیەتی هەڵبژاردن کە ئازادییە، دەبێتەوە بە ناچاری.
مۆد دەتوانێت ئەو هاوکێشە فەلسەفییەش پشتڕاست بکاتەوە کە «جوانی، زۆرجار بریتییە لە کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتی و دراوێکی مێژوویی». واتە جوانییش وەك خودی مۆد، زاتێکی پڕ و پێشوەختی نیە. ئەوە کۆمەڵێك کەسن کە دەتوانن «شت»ێك وەك جوان بسەپێنن. ئەم کۆدەنگی و سەپاندنە دەبێتە واقیع و حەقیقەت و وەك ڕاستی خۆی دەردەخات. ئەم کۆدەنگییە، دیوە دەروونییەکەی جوانی تۆخ دەکاتەوە و ئەو قەناعەتەمان لا درووست دەکات کە: بەڵێ فڵان شت جوانە. سادەتر بیڵێین، کۆمەڵگا دەتوانێت لە دۆخێکی دیاریکراودا و لە ڕێگەی کۆدەنگییەکی وەك «مۆد»ـەوە، بیسەپێنێت کە کام شت جوانە. ئەو قەناعەتە سایکۆلۆژییەمان تیا دادەکوتێت کە فڵان مۆدێل و فڵان ڕەنگ و فڵان فیگەر جوانە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە جوانی ڕیشەیەکی دەروونیی قووڵی هەیە و ئەم ڕیشەیەش لە کۆدەنگیی کۆمەڵایەتییەوە درووست دەبێت. مۆد باشترین دەرکەوتەی ئەو کۆدەنگییە کۆمەڵایەتییەیە. لەوێشەوە جوانی دەگاتەوە سەر خۆچواندن بەوانی تر. جوانی دەبێتەوە بە کۆك بوون لەگەڵ ئەوانی تر. جوانی، ئەو ئارامییە دەروونەیە کە لە چوونە پاڵ ئەوانی ترەوە درووست دەبێت: ئەوەی لای ئێوە هەڵبژێراوە، منیش هەڵی دەبژێرم و وەك ئێوە جوانم.
مۆد، فۆرمە. مۆد ناوەڕۆکیش دەکاتەوە بە فۆرم. کە باس لە مۆد دەکرێت، یەکسەر باس لە پۆشاك و پۆشین و ڕەنگ دەکرێت. مۆد لەوە زیاترە. دەتوانیچت ناوەڕۆکیش وەك فۆرم دەربخاتەوە و بیکاتە مۆد. هەریەك لەم ناوەڕۆکانەش دەتوانن ببنە فۆرم، دەتوانن ببنە

مـۆد، ببنـە مۆدێـل: خێـر و چاکـە یان(قوربانـی کـردن!)، خراپـەکاری یـان (یارمەتیـی هـەژاران لـە شاشـەوە!)، سـەرۆکایەتی، سەرنوسـەرێتی، جنێـودان، موجامەلـە...
خەریکـە شـەقامەکانمان پـڕ دەبـن لـە مەخلوقـی فۆرمـاڵ و ڕووکـەش. لـە بوونـەوەری ڕەنگاوڕەنـگ و نامـۆ. لـە کائینـی شـێت و مۆدێـرن. لـە خەڵکـی قەلـەق و سـبوخکراو. لـە قەرەقـۆزی بێتـام و چاکـەکاری ئەهریمەنـی. بـا ئـەو کچـە نەخۆشـانە بێنینـەوە بەرچـاوی خۆمـان، کـە هیـچ نیـن جگـە لـە «ئەوێکـی تـری پەتـی!، پیاوێکـی تـری پەتـی، ژنێکـی تـری پەتـی!». ئەوانـەی کـە تەنانـەت کـۆڕ و سـیمینارەکانیش وەك شـوێنی سـاغکردنەوەی مۆدەکانیـان دەبینـن. ئەوانـەی کـە دەزانـن پێـڵاوە سـەیر و سـەمەرەکانیان، بـۆ پلیکانەکانـی هۆڵـی فەلسـەفە ناگونجێـت. ئەوانـەی کـە ڕق و بوغـز و تووڕەییەکانیـان لـە ژێـر دەمامکـە شـەفافەکانیانەوە دیـارە. ئـەو کچانـەی کـە قورمیشـی شـار دەیانجوڵێنێـت. شـار پێشـانگایەکی گەورەیـە. دەشـت و دەر پێشـانگایەکی گەورەیـە. لـە خـۆڕا نیـە کـە خەڵکـی تێکـڕا و پێکـەوە دەچنـە سـەیران. سـەیران، زەقکردنـەوەی بێشـەرمانەی مـۆدە لـە بـەردەم سرووشـتدا. سـەیرانگا، پێشـانگایە.
دواجـار، ئـەو پیـاوە نیگـەران و دڵخۆشـانە بێننـەوە بیرتـان کـە ناتوانـن بیـر لـە خانوویەکـی تـر و چاکەیەکـی تـر و مۆدێلێکـی تـری پیاوەتـی نەکەنـەوە! ئەوانـەی کـە سـواربوونی ژن و ئۆتۆرمبێـل وەك یـەك مۆدێـل دەبینـن. ئەوانـەی کـە بـە دیـدگا دەروونیشـکارییەکە، هەمـان گـەرم و گـوڕی لـە سـەیارەیەك وەردەگـرن، کـە لـە ژنێکـی قۆڵبـڕاوی وەردەگـرن.

# شاشەکان لە کارەسات دەمانپارێزن!

بـە تەنیشـتمانەوە جەنـگ دەگوزەرێـت. سـوك و سـانا و سـواو هەواڵـەکان دەگەنـە ئێمـە!، وەك ئـەوەی میدیـاکان تێرمـان بکـەن، وەك ئـەوەی شـتێك لەودیـوی هەواڵەکانـەوە نەمێنێتـەوە ببینیـن و بیڵێیـن!

ئێسـتا ئاغـای بۆدریـار لـە ژیانـدا نەمـاوە، ئـەو فەیلەسـوفەی کـە دوای جەنگـی کەنـداو وتی(جەنگـی کەنـداو هێشـتا ڕوویـنـەداوە)،) تەفسـیری سـادە و بەربـڵاوی ئـەم ڕسـتەیە ئەوەیـە کـە (ڕوودانـی جەنگـی کەنـداو و فیلمێکـی حەربـی لـە تەلەفزیـۆن و ئەتاریـدا جیاوازییەکـی ئەوتـۆی نیـە، هەردووکیـان وەك واقیـع و واقیعـی زیـادەڕۆ وەردەگیرێـن، ئـەوەی لـە میدیـادا نەگوزەرێـت سـاختە و نمایشـی دەردەکەوێـت).

ئێسـتا دەوترێـت بـا بزانیـن شۆڕشـی سـوریا گەیشـتۆتە کـوێ، دەمانەوێـت کۆتایـی ئـەو فیلمـە ترسـناکە بزانیـن کـە دەیزانیـن. لـە ڕۆژگارە کۆنەکانـدا دەوتـرا: لـە فـڵان مەملەکـەت جەنگـە، قـات و قڕییـە، لـە کۆنـدا دەکـرا مـرۆڤ خـۆی کـۆ بکاتـەوە، کاریگەرییـە دوورەکان وەربگرێـت، تـرس و غـەزەب و هیسـتریا دایپۆشـێت. ئەمـڕۆ، کارەساتەکان بـە شاشـەکاندا تێدەپـەڕن و سست دەبـن، ترسـمان دەپاڵێـون، وامـان لێدەکـەن پـتر بەرگـەی کارەسـات بگریـن!

بۆدریـار وەك جادووگـەرەکان نەیـوت جەنگەکـە ڕوودەدات، وتـی ئـەو جەنگـە هەرگیـز ڕوویـنـەداوە و ڕوونادات...دەیـوت جەنگەکـە بەرنامەیەکـی ئەلیکترۆنـی ئامادەکـراوە...، دەکرێـت لەسـەر هەمـان ئـاوازی فەلسـەفی بڵێیـن: شۆڕشـی سـورییەکان ڕوویـنـەداوە و هەرگیزیـش ڕوو نادات...ئـەوەی کـە لـە شاشـەکانەوە دەیبینیـن بەشـی دووەمـی فیلمێکـی هۆلیـودە!،!

# هێشتا سەردەشت نەکوژراوە!

هێشتا هەستێك لە ئێمەدایە و ناتوانین بڕوای تەواومان بەوە هەبێت کە سەردەشت عوسمان کوژرابێت. ڕەنگە ئەو هەستە بۆ دوو خاڵ بگەڕێتەوە:: یەکەم، کوشتنی سەردەشت لە کوشتنێك زیاترە و دەبوو دەسەڵاتیش زیاتر باجەکەی بدات و هێشتا نەیداوە. دووەم، ڕەنگە کوشتنەکەی سەردەشت بە دەرگایەك بزانین بە ڕووی دۆخێکی باشتردا و هێشتا نەبووبێتە ئەو دەرگایە.. ئەم دوو خاڵە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەو هەستەی پێداوین کە سەردەشت نەکوژراوە،...!

زۆر مرۆڤ هەن و بە جارێك ناکوژرێن. کوشتن تەنیا کپ کردنەوەی جەستە نیە. کوشتن کۆمەڵێك خەرمانەی ڕەمزییش لە خۆی دەئاڵێنێت و ساڵانێك دەخایەنێت تاکو بگاتە کوشتنی تەواو. هەر ئەمەشە وا دەکات کە دەسەڵاتەکان پتر گیرۆدەی خەرمانە ڕەمزییەکانن، گیرۆدەی مێژووی کوشتنەکەن نەك خودی کوشتنەکە.

لە پۆلی سێی زانکۆ بووم کە سەردەشت ڕفێنرا. ئەو ڕۆژانە هێشتا هەر ئامادەن. یادەوەرییەکن و دڵمان خاو دەکەنەوە. هەندێك یادەوەری لە گەنجێتیدا هەن و درێژ دەبنەوە بۆ هەموو تەمەن. ئەو یادەوەرییانە هەندێك شتی تایبەتیی ئێمەشی پێوە دەنوسێت و بیرناچنەوە.

پێناچێت سەردەشت بەم زووانەش بمرێت...

# دەسپەڕ:

دەسپەڕ کردەیەکی فەردی و نا-فەردییشە، واتە هەم خۆتیت و هەم ئەوی تریش. لە دەسپەڕدا، ئەوی تر تا ئەو جێیە ئامادەیە کە تەحەمولی دەکەین. دەسپەڕ نە لە سێکس زیاترە و نە کەمتریش. ئەوە چەپاندنی غەریزە و شەهوەتە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە دەسپەڕ بە کەمتر لە سێکس دەزانێت. دەتوانین دەسپەڕ وەك کردەیەکی سەربەخۆ وەربگرین. نەیبەستینەوە بە سێکس و ماناکانییەوە،. دەسپەڕ مامەڵەیەکی تەمومژاوییە لەگەڵ ئەوی تردا. ئازادییەکی قەدەغەیە، وەکچۆن قەدەغەیەکی ئازادیشە.. مارکس تیۆری بە دەسپەڕ دەچواند، کردەش بە سێکس. ڕەنگە ئەم

چواندنەی مارکس مەبەستدار و کورت بێت. هەندێ جار لە دەسپەڕدا، ئەوی تر دەهێنیت بۆ ئەوەی نەفیی بکەیت. وەکچۆن لە موجامەلەدا پێشنیارێك بۆ ئەوی تر دەکەیت بۆ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە!. دەسپەڕ لەو ڕووەوە لە سێکسدا هاوبەشە، کە چێژ دەبێتە ئازار. خەیاڵ دەبێتە کابوس، هەردووکیان کردەیەکی کامڵ نین، بە دیدی لاکان تەنیا خۆکوشتن کردەیەکی کامڵ و سەرگرتووە.. سێکس و دەسپەڕ، هەمیشە تا نیوە دەمانبەن. دەسپەڕ چاڵێك لە فەنتازیاماندا جێدەهێڵێت و سێکسیش پڕبوونێك. هەردووکیان دوو دۆخی ناتەواون. تێڕوانینێك بۆ دەسپەڕ هەیە و تا کۆتاییە لۆژیکییەکەی خۆی درێژ نەکراوەتەوە: دەوترێت دەسپەڕ فرێدانی شەهوەتی زیادەیە،. بەڵام دەسپەڕ تەنیا خاڵیکردنەوەی شەهوەت نیە بەڵکو هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی شەهوەتیش. کردەیەکە لەو ڕووەوە لە خۆکوشتن دەچێت کە ئیشتیا و مەیلمان بۆ شتەکان نامێنێت و لە بری خنکاندنی ملی خۆمان، ملی شەهوەتمان دەگرین. دەسپەڕ خۆکوشتنێکی دووبارەیە: تۆ تەنیا هەزار دەمریت و بەس!

برادەرێك دەیوت، شیعر دەسپەڕی ڕۆحە.. واتە ڕۆح بەرهەمێکی هەیە و ناوی شیعرە،

دەســپەڕ لێــرەدا مەجــازە بــۆ پاڵاوتنــی شــتێك لــە شــتێکی تــر، هەڵگۆزینــی شــیعرە لــە ڕۆح. بــەڵام ئایــا ئــەم مەجــازە لەگــەڵ ماهیەتــی دەســپەڕدا وێــك دێتــەوە؟ ئایــا دەســپەڕ بریتییــە لــە هەڵگۆزینــی شــتێك لــە شــتێکی تــر؟ گــەر وایــە، بۆچــی هەســتی هەڵگۆزیــن دامانناگرێــت؟! بۆچــی بەرهەمەکــەی بریتییــە لــە دەســپەرێکی تــر؟

دەسپەڕ واتە:.: دونیا لە کۆتاییەوە دەست پێدەکات!

# ئاخۆ مرۆڤ هەمیشە بەخشندەیە؟

ئاخـۆ مـرۆڤ هەمیشـە بەخشـندەیە؟ دەتوانیـن دیاردەیەکـی بچـوك وەربگریـن بـۆ ئـەوەی ئـەم حوکمـە بخەینـە ژێـر پرسـیارەوە...:
لایـك دیاردەیەکـە، ئێمـە ناتوانیـن بـەردەوام و بـۆ هەمـوو پۆسـتەکان لایکـی کەسـێك بکەیـن، مەگـەر ئـەو کەسـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی ڕەمزیـی کۆمەڵـگاوە دانـی پیـا نرابێـت، وەك نوسـەر و سیاسـی و مـەلا و ...ئـەو کاتـە لایکەکـەی ئێمـە پـتر بـۆ بابەتەکەیەتـی، لـەو تـەپ و تـۆزە سـایکۆلۆژییە پـاك دەبێتـەوە کـە دوو کەسـی ئاسـایی بـۆ یەکتریـی دەکـەن.
مـرۆڤ ناتوانێـت بـەردەوام دان بـەوی تـردا بنێت. ناتوانێـت بە هەردوو دەسـت لایك ببەخشـێتەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی لایـك دەبێتـە قـەرز، دەشـبێتە دانپیانانێکـی دووبـارە و وەڕزکـەر بـۆ لایککـەر! کەسـمان ناتوانیـن بـۆ هەمیشـە لایکـی بابەتـە جوانەکانـی کەسـێك بکەیـن، لـە نـاوەوە بەرگرییـەك درووسـت دەبێـت، وزەیەکـی مەرگدۆسـت هەیـە و دەسـتمان خـاو دەکاتـەوە.....
لایـك هەمیشـە بـارگاوی نیـە بـە ماناکـەی خـۆی، هەمیشـە پەسـەندکردن و خۆشـلێهاتن نیـە.، نەفیکـەری خۆیەتـی.
گـەر دەروونشـیکارانە تەفسـیری بکەیـن، لایـك دەیەوێـت نامەیەکـی ئـاوەژوو وەربگرێتـەوە:
ئەنتۆنـی ئیسـتۆپ دەڵێـت کـە منـاڵ داوای شـیر دەکات، مەبەسـتێتی بـە دایکـی بڵێـت: منـت خـۆش بوێـت!
بەم پێیە، لایك واتە: منت لا پەسەند بێت، دانم پیابنێ، منیش دانم پیا ناویت...
ئەمـە موتڵـەق نیـە، بـەڵام لایکـی زۆر و بـێ بەرامبـەر بـۆ کەسـێك تووشـی گوناهـمان دەکات. گونـاه بـە مانـا دەروونـی و کۆمەڵایەتییەکـەی، پێـمان وایـە دەتوێینـەوە لـە بەرامبـەردا، بـەدەم لایکەکانـەوە دەمریـن.
مـرۆڤ بـۆ هـەر رۆژگارێـك سـەربکەوێت، بـە دیوێکـدا هـەر لـە جێـی خۆیەتـی. شـتەکان بەرهەمـی کۆمەڵێـك پاڵنـەری ناوەکـی و نەگـۆڕن.

# کاغەز و ئەلیکترۆن، دوانە یان دوژمن!؟

ئەلیکترۆن ناتوانێت کاغەز نائومێد بکات. بە دەربڕینێکی تر، کتێب بە کۆمپیوتەر و شاشە و زاکیرەی ئەبستراکت و ئەلیکترۆنی جێلەق نابێت. کێشەکە لە بنەڕەتدا، پەیوەندیی بە ئاسانکارییەوە نیە.، مەرج نیە کتێبەکان بگوشینە ناو مێشك و چاوێکی ئەلیکترۆنییەوە و وابزانین کۆنترۆڵمان کردوون! کیشەکە دیوی تری هەیە.، بیرکردنەوەی زیاتری دەوێت.
لەمس ڕۆڵی خۆی هەیە.، کتێب لەمس دەکرێت، ئەو شتانەی کە لەمس دەکرێن پتر دێنە ناومانەوە، دیارییەکی لەمسکراو لە دیارییەکی ئەلیکترۆنی قورستر و پیرۆزترە، ڕیشەی ئەم هەستە بە ئاسانی درك ناکرێت. ڕەنگە لە کۆنەستی مرۆڤانەی هەمووماندا، ئەنتەرنێت و ئەلیکترۆن هێشتا هەر خەیاڵ بێت، خەیاڵ ئەو شتەیە کە نیمە و پێت دەبەخشم، دەتوانیت خەیاڵم پێ ببەخشیت؟ئایا شتێك بوونێکی کۆنکرێتانەی نەبێت دەبەخشرێت؟ وەردەگیرێت؟ ئێمە کاغەز و کتێب لەمس دەکەین، ئەلیکترۆن دەڕوات، کۆنترۆڵ ناکرێت، دەتوێتەوە..(، (هاوکات مامەڵەمان لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکانیشدا جیاوازترە لە کتێبە پیرۆزە ئەلیکترۆنییەکان).
ڕەنگە ئەلیکترۆن کەمتر یادەوەری درووست بکات. زاکیرەمان کورت و ڕاگوزەر دەکات. چاومان پەرش دەکات. تەرکیزمان لاواز دەکات. دەشێت شتەکە پەیوەندیی بەو دونیا قەرەباڵغەی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرەوە هەبێت. دەبێت لەمەوە بپەڕینەوە بۆ سەر ئەوی تر: گرنگ نیە چیت خوێندۆتەوە و چی تێگەیشتووی، گرنگ ئەوەیە خۆت ئاسودە بکەی، باوەڕ بە خۆت بێنیت کە باوەڕت وایە زۆر و باشت خوێندۆتەوە!!!!،!
نوسینی ئەلیکترۆنی فانییە، بە بەراورد بە کتێب. زوو دێت و زووش دەڕوات. کتێب جیرترە.، کتێب شوێنێکی مادی داگیردەکات. ئەم داگیرکردنە، هەستی بەرگری لە ئێمەدا بێدار دەکاتەوە.، نابێت کتێبەکانمان لەناو بچن. کتێب خۆی دەسەپێنێت. خۆی نامرێت. لە

ئەبسـتراکتەوە بۆتـە کۆنکرێـت. نـەك لـە کۆنکرێتـەوە بووبێتـە ئەبسـتراکت، وەك لـە ئەلیکترۆنـدا دەیبینیـن.
کاغـەز بیرخـەرەوەی ڕەنجـی ئێمەیـە بـۆ نوسـین و فێربـوون و مانـدوو بـوون، ئەلیکـترۆن و کیبـۆرد دەیانەوێـت ئـەم ڕەنجـە کاڵ بکەنـەوە، مـرۆڤ هێشـتا بـە مێـژووی خـۆی بـەدەوی و سـەرەتاییە.، پێشـکەوتنێکی راسـتەقینە لـە ئـارادا نیـە، ئـەوەی هەیـە گەمـە کردنـە بـە بونیـادە سـەرەتاییەکان.
دەبێت لە ئەلیکترۆنەوە، ستایشی کاغەز بکەین و بەردەوام بۆی بگەڕێینەوە...

# خێرا بڕۆ، بەس جێی نەهێڵیت!

١. یەکێك لە سرووتە ڕۆژانەییەکانی شار لە مۆدێرنەدا، پەڕینەوەیە لە شەقام. شەقامی شارە گەورە و نامۆکان. شەقام و جادە زۆرەکانی ناو شار. بە تایبەتییش، شارە ڕوو لە جەنجاڵی و شپرزەکانی ئێمە، شاری ئۆتۆمبێلە بەرەڵا و زۆرەکان. بە کورتی بپەڕێوە بەڵام:ترس و دڵەڕاوکێی پێش پەڕینەوە لە ترس و دڵەڕاوکێی دوای پەڕینەوە دەچێت؟ ئایا درێژکراوەی یەك ئارەزوو و یەك لۆژیك نین؟ مرۆڤی شارە گەورەکان، کەرت و نیگەرانن. دەبێت لە چاوی جەلادانەی ئۆتۆمبێلەکان خۆیان بپارێزن. هێرشی ئۆتۆمبێلەکان، هاوکات هەڵگری هێرشی سیمبوڵیی ژیانی شاریشە. جادە ڕۆیشتنە بە دوای شتێکدا، پەڕینەوەش ڕۆیشتنە بە دوای هەمان شتدا. ئەو شتە چیە؟ بە لایدا نەرۆیشتووین؟ جێمان نەهێشتووە؟ چێژ لە پەڕینەوە و بڕینی جادە قەرەباڵغەکان وەربگرە: بەڵام دواتر دەپەڕمەوە بۆ کوێ؟

٢. بە دیدگا لاکانییەکەی ژیژەك، پۆرنۆگرافیا و حەکایەت و ڤیدیۆ سێکسییەکان «دەیانەوێت هەموو شت پیشان بدەن»، بەڵام ئەو شتەی کە دەبێت پیشانی بدەن، لە دەستی دەدەن! ئەمە پێچەوانەی فیلمێکی نا/پۆرنۆگرافییە، کە شتێکی چێژبەخش دەمێنێتەوە و پیشانی نادات و سنور نابەزێنێت. گەر بتەوێت لە فیلمێکی ڕووتتر و پۆرنۆگرافیتردا بۆ کامڵبوونی هەمان چێژ بگەڕێیت، هێندە توند بە لای چێژەکەدا دەڕۆیت کە دەگۆڕێت بۆ بێزاری و سواوی. هەمان شت کە پێشتر «بە تەواوی پیشان نەدرا» و بە دوایەوە بووین، کە ویسترا «هەمووی پیشان بدرێت» هەمووی لە دەست چوو. بە تەفسیری ژیژەك، ئەو شتە سیحراوی و چێژبەخشەی کە بە دوایدا ڕادەکەین، سرووشتی کیسەڵەکەی ئاخیلی هەیە. گەرچی دەتوانین تێیپەڕێنین، بەڵام نابێت ئەو کارە بکەین.

ئێمە لە شاردا بۆ کوێ دەپەڕینەوە؟ دەمانەوێت دوای چی بکەوین؟ کە دەپەڕینەوە، ئیدی ڤێز و سستی و بێزاری دامانده‌گرێت..

# 2

# From the Absurdity to Resistance

Waleed Omer